دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٦٠

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

هەینی ● ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٦ ● ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

## ئەمریکا داوای لە تورکیا کردوە سەبارەت بە کوردستان، دان بە خۆی‌دا بگرێ

رۆژی ٢٠ی ئاوریل دەیوید ساترفیلد نوێنەری تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری عێراق، لە پێناوی رەواندنەوەی ئاڵۆزیی ئەم دواییانەی نێوان تورکیەو حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق چۆتە تورکیە. ساتر فیلد لە دیدار لەگەڵ کاربەدەستانی ئانکارا وتوویەتی رێگەچارەی سەربازی‌و چالاکیی سەربازیی سوپای تورکیە لە دەرەوەی سنوورەکانی تورکیە بۆ بەرەنگاری لەگەڵ "پ. ک. ک" بە گونجاو نازانێ‌و خوازیاری وتووێژو هاوکاری لەگەڵ رێبەرانی کوردی عێراق‌و هەڵێنانەوەی هەنگاوی هاوئاهەنگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی " پ. ک. ک" بووە.

ناوبراو هەروەها گوتوویەتی کە ئەمریکا خۆی بە بەرپرسیاری وتەکانی مەسعوود بارزانی نازانێ، چونکە لە ناوچەی باکووری عێراق نە دەوڵەتی بەغداو نە ئەمریکا، بەڵکوو حکوومەتی ناوچەیی کوردستان دەسەڵاتدارە.

مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتووێژێك دا لەگەڵ تلویزیۆنی "العربیە" گوتبووی ئەگەر تورکیە لە کاروباری تورکمەنەکانی کەرکووك دا دەستێوەردان بکا، ئێمەش دەست لە کاروباری دیاربەکرو کوردەکانی تورکیە وەردەدەین.

# لە پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا پێ لەسەر وشیاریی لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کوردو یەك هەڵوێستیی هەموو لا بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەی دەوڵەتانی دراوسێ داگیرا

راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی لە بارەی

## پێکهاتنی پلینۆمی کومیتەی ناوەندی

هاونیشتمانە بەرێزەکان!
خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!
ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

رۆژی پێنجشەممە ١٣٨٦/١/٢٣ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠٠٧/٤/١٢ی زایینی پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی زۆربەی نیزیك بە تەواوی ئەندامان‌و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی پێك هات‌و بەم شێوەیە بەرێوە چوو:

پێش دەست پێکردنی کاری پلینۆم ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بۆ رێز گرتن لە یادی شەهیدانی حیزب‌و تێکڕای شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان ماوەی دەقیقەیەك بە بێدەنگی راوەستان. ئەمجار دەستووری کاری کۆبوونەوە هاتە بەر باس‌و پەسند کرا. بەدوای ئەو دا راپۆرتی دەفتەری سیاسی پێشکێش کرا کە چەند تەوەری گرتبوونەخۆ:

لە تەوەری یەکەم دا باسی وەزعی نێوخۆی حیزب لە ماوەی چوار مانگی دوای ئەو لەتبوونەدا کرابوو کە لە ١٥ی سەرماوەزیساڵی رابردوودا بەسەر حیزبی دێموکرات دا سەپێندرا. لەم بەشەدا وێڕای دەربڕینی داخ‌و کەسەر لەو رووداوەو ئاماژە بە دلگرانیی خەڵکی کوردستان بەو پێشهاتەو باسی ئەو گیروگرفتانە کە لایەنی بەرامبەر بۆ حیزبی دێموکراتی خولقاندوون، شانازی بە پێشوازیی رووناکبیران‌و بژاردەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە هێڵە گشتی‌یەکانی رێبازی حیزب کرابوو، رێز لە خۆڕاگریی کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەرامبەر بە گیروگرفتەکانی سەر رێگاو سەبرو لێبووردەیی ئەوان لە ئاستی رەفتارو کردەوەی نامەسئوولانەی ئەفرادی لایەنی بەرامبەر دا گیرابوو، و لە هەوڵی دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق بۆ پاراستنی ئارامی‌و پێشگیری لە رووداوی جەرگبڕو لەوەش زیاتر، لە هەوڵی دڵسۆزانەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان‌و رێبەرایەتیی هەردوو حیزبی برا پارتی دێموکراتی کوردستان‌و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ یەکخستنەوەی ریزەکانی حیزب، یان لێك جویێ کردنەوەی بنکەو بارەگاکان‌و بنەماڵەکانی سەر بە هەردوو لایەن قەدرزانی کرابوو.

دەفتەری سیاسی لەو بەشەی راپۆرتی خۆی دا بە پێزانینەوە سپاسی ئەو کوردە نیشتمانپەروەرانەشی کردبوو کە بە پیل بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هاتبوون‌و یارمەتیی دڵ ئاوایانەی خۆیان بەم حیزبە پێشکێش کردبوو.

٢

## سەردانی بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا



ئەمریکا ـ واشینگتۆن: بەرێز خالید عەزیزی بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب لە درێژەی سەردانەکەی دا بۆ ئەمریکا رۆژی ٢٠٠٧/٠٤/٥ لەگەڵ کامران بالنور بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە ئەمریکا سەردانی وەزارەتی‌دەرەوەیان کردو لەگەڵ هەیئەتێکی سێ کەسی لە بەشی رۆژهەڵاتی نێوەراستی وەزارەتی دەرەوە کە بریتی بوون لە رۆبێرت مەکینتورف، سوزان یونتچی‌و تیموتی ستاندارت کۆبوونەوەو کۆمەڵێك بابەتی پێوەندیدار بە ئێران‌و رۆژهەڵاتی کوردستان هاتنە بەر باس.

لەم کۆبوونەوەیەدا هەیئەتی حیزبی تەئکیدی کردەوە کە لە کێشەی ئەمریکاو کۆمەڵی نێونەتەوەیی‌و ئێران دا نابێت بەرژەوەندی گەلانی ئێران‌و مافی مرۆڤ بە گشتی‌و بەرژەوەندی کورد لە ئێران کە لە ژێر چەوسانەوەو کۆنترۆڵی تایبەتی ئەمنییەتیی رێژیمی ئێران دایە فەرامۆش بکرێت‌و بخرێتە پەراوێزەوە.


رۆژی ٢٠٠٧/٠٤/٦ کاك خالید عەزیزی لە سێنای ئەمریکا چاوی کەوت بە پۆنیت تالویرو پێری کۆمەك لە کۆمیسیۆنی دەرەوەی سێنا سەبارەت بە ئێران‌و رۆژهەڵاتی کوردستان باسێکی تێرو تەسەلیان هێنایە گۆرێ. نوێنەری حیزب لەو چاو پێکەوتنەدا داوای لە هەیئەتی کۆمیسیۆنی سێنا کرد کە کار بکەن بۆ ئەوەی کە سێنای ئەمریکا سەرنجی زۆرتر بدات بە پێشێل کردنی مافی مرۆڤو نەبوونی دێموکراسی‌و چەوسانەوەی نەتەوەی کورد لە ئێران. چونکە رێژیمی ئێران لە کێشەی ئەتۆمیی خۆی لەگەڵ دنیای دەرەوە دا هەوڵ دەدا راستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران بشارێتەوە.

کاك خالید عەزیزی لە درێژەی سەفەرەکەیدا لەگەڵ کۆمەڵێك دامەزراوەو لایەنی جۆراوجۆری ئەمریکای پێوەندیدار بە رۆژهەڵاتی نێوەراست‌و ئێران چاوپێکەوتن‌و کۆبوونەوەی پێك هێنا.

## لە دەروازەی ساڵێکی نوێ لە تەمەنی پرشانازیی رۆژنامەنووسیی کوردی‌دا

لەبەرەبەرەی ٢٢ی ئاوریل (٢ی بانەمەڕ)، رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردی‌دا، بەگەرمی پیرۆزبایی لە رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین‌و بە بۆنەی بەرزو شەکاوە راگرتنی ئەو ئاڵایەی ١٠٩ ساڵ لەمەوبەر بەدرخانەکان هەڵیان کرد، دەستخۆشی‌و ماندوو نەبوونیان پێ دەڵێین.

بە هیوای دەست پێکردنی ساڵێکی پڕ لە سەرکەوتن‌و بەرەوپێش چوون‌و، خزمەتی هەرچی زیاتری رۆژنامەنووسیی کوردی بە دۆزی رەوای نەتەوەکەمان.




## بێوێنەترین کوشتار لە خوێندنگەکانی ئەمریکادا

بەرەبەیانی رۆژی دووشەممە ١٧ ئاوریل، لە زانستگەی تێکنیکیی بلێکسبێرگ لە وێرجینیای ئەمریکا، بێوێنەترین کوشتار لە مێژووی خوێندنگەکانی ئەمریکادا رووی دا.

کاتژمێر ٧و چارەکێکی بەیانی خوێندکارێکی ٢٣ ساڵەی کۆریایی بەناوی ((جو سونگ هوی)) لە خەوتنگەی ئەم زانستگەیە تەقەی لە خوێندکاران‌و کارمەندانی زانستگەی فەننی کردو ٢ کەسی لێکوشتن. نزیکەی دوو کاتژمێر دواتر هەر ئەم کەسەو، لە نێو بنکەو بارەگاکانی سەر بە زانستگەی ناوبراو، تەقەی لە خوێندکاران‌و کارگێڕانی زانستگە کردو سی کەسی لێ کوشتن:

ئەم هەواڵە، ئەمریکای هەژاندو خەڵکی ئەو وڵاتەو مرۆڤدۆستانی سەرانسەری دنیای راچڵەکاند.

کوشتاری خەڵکی بێتاوان ئەویش لە نێوەندی زانکۆیەك‌و وڵاتێکی دێموکرات‌و پێشکەوتووو لە نێو کۆمەڵێکی مەدەنی‌دا، بووە هۆی سەرسوڕمانی بیرورای گشتی.

دیارە ئەم جۆرە کارەساتانە لە نێو وڵاتانی دواکەوتوو، لە شوێنێکی وەك عێراق، پاکستان، ئەلجەزایر، فەلەستین بەداخەوە بوون بە شتێکی ئاسایی. بەڵام پەنا بردن بۆ توندوتیژی‌و کوشتاری مرۆڤە بێتاوانەکان لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایە بێ، هەر مەحکوومە. هەر رەفتارو کردەوەیەك کە تەناهی‌و ئاشتیی شارۆمەندان‌و گیانی مرۆڤە بێتاوانەکان بخاتە مەترسی، مەحکومەو دەبێ ریسوا بکرێ.

دەستڕاگەیشتنی بە هاسانی کەسانی لە باری رەوانی‌و عەقڵەوە ناتەواو، وەك تەیار بووی گرووپە توندرەو ناشارستانی‌و دواکەوتووەکان بە چەك‌و تەقەمەنی، سەرچاوەی خوێنرێژی‌و کارەساتی ئینسانی‌یە.

"کوردستان" لە خەم‌و ماتەمینی کەسوکاری قوربانیانی ئەو کارەساتەو خەڵکی ئەمریکا دا، خۆی بەشەریك دەزانێ‌و هاودەردییان لەگەڵ دەکا.

## بە پشتیوانی لە بانگەوازی کانوونی سینفیی مامۆستایانی وڵات

**مامۆستایانی سنە، مەریوان، سەقزو بۆکان نەچوونە سەر پۆلەکانی خویندن**

بە پشتیوانی لە بانگەوازی کانوونی سینفیی مامۆستایانی وڵات رۆژانی ٢٦و ٢٧ی خاکەلێوە مامۆستایانی پارێزگەکانی رۆژئاوای ئێران، بۆ وێنە شارەکانی سنە، مەریوان، سەقزو بۆکان، لە چوونە سەر پۆلەکانی خویندن خۆیان بوارد.


مەسعوود کوردپوور مامۆستای پەروەردەو فێرکردن لە پێوەندییەك لەگەڵ هەواڵدەری ئیلنا، رایگەیاند ئەم مانگرتنە بە پشتیوانی لە داخوازە سینفی‌یەکانی مامۆستایانی وڵات‌و بەمەبەستی بەڕێوە چوونی قانوونی خەدەماتی کیشوەری‌و ئازادیی مامۆستا بەندکراوەکانە کە لە مانگرتنەکانی چەند مانگی پێشوو لە بەر دەرکی مەجلیسی شورای ئیسلامی دا کەوتبوونە بەندیخانە. هەروەها گوتیشی کە پاڵنەری گشتیی کانوونی سینفیی مامۆستایان تەنیا باسی مووچەو هەقدەستی مامۆستایان نیە، بەڵکوو وەزعی گشتیی پەروەردەو فێرکردن لە پێوەندی لەگەڵ قوتابیان‌و ماموستایان دا و هەروەها نێوەرۆکی ئامووزشییە. داود روحانی مامۆستایەکی خەڵکی سنەش گوتی، مانگرتنی رۆژی ٢٦و ٢٧ی خاکەلێوەی مامۆستایان بە ویست‌و داخوازە رەواکانی هاوکارانمان ئەم مانگرتنە درێژەیان دەبێ.

سەرچاوە: هەواڵدەریی "کار"


راپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمی کومیتەی ناوەندی ٢


هەواڵ، دیدارو چالاکی ٣


روانینی ژنانی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات بۆ کێشەکانیان ٥


لەیادی شێستەمین ساڵوەگەڕی مەرگی پێشەوادا ٨


سەفەر بۆ وڵاتی ئۆزبەکستان ٩


واقیعی کوردستانیبوونی ورمێ‌و پڕوپاگاندای پان تورکیستەکان ١٠

درێژەی

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندییەوە

لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی کوردستان دا راپۆرتی دەفتەری سیاسی ڕووناکایی خستبووە سەر بەرەوژوور چوونی وشیاریی سیاسیو هەستی نەتەوایەتی لەنێو خەڵکی هەموو پارچەکانی کوردستانو بەرەوپێشچوونی مەسەلەی کورد لە بواری خۆناساندن بە کۆروکۆمەڵە سیاسییەکانو بیروڕای گشتیی جیهانی دا. دەفتەری سیاسی ئەزموونی باشووری کوردستانی بە مایەی هیوای هەموو رۆڵەکانی خەڵکی کوردستانو نەتەوەی کورد دانابوو، و هەر لەو کاتەدا ئاماژەی بەو مەترسییانەش کردبوو کە هەڕەشە لە بەرەوپێشچوونی زیاتری ئەو ئەزموونە دێموکراتییەو بەگشتی بزووتنەوەی کورد دەکەن. لەوانە کەندو کۆسپ سازکردن لەسەر ڕێگای جێبەجێ بوونی ماددەی ١٤٠ی قانوونی بنەڕەتیی عێراق، هاودەستیو هاوکاریی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان بۆ پیلانگێڕان دژی بزووتنەوەی کوردو ئەزموونە ساواکەی کوردستانی عێراقو هەڕەشەی هێندێ دەوڵەتی دراوسێ بۆ دەستێوەردانی کاروباری نێوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. پلینۆم وێڕای مەحکووم کردنی هەمووی ئەو هەوڵانە پێی لەسەر پێویستیی وشیاریی لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کوردو یەک هەڵوێستیی هەموو لایەک داگرت.

لەبارەی پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان راپۆرتی دەفتەری سیاسی لێک نزیکبوونەوەی حیزبو رێکخراوەکانی ئەم بەشەی کوردستانی بە پێویستییەکی مێژوویی دانابوو کە پێویستە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەم قۆناخە دا هەنگاوی کاریگەر بۆ وەدیهێنانی هەڵێنێتەوە.

تەوەرێکی دیکەی راپۆرتی دەفتەری سیاسی وەزعی نێوخۆی ئێرانو سیاسەتە چەوتەکانی دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد بوو. لەم بەشەدا وێڕای ئاماژە بە درێژەی سەرکوتی ئازادییەکانو قانوون شکێنییەکانی کۆماری ئیسلامی، رەفتاری نامەسئوولانەی کاربەدەستانی رێژیم لەپێوەندی لەگەڵ پەروەندەی ئەتۆمیدا بە مەترسیدارو کارەساتبار لە قەڵەم دابوو، و نیگەرانی لە هەڵگیرسانی شەڕێکیماڵوێرانکەر لە نێوان ئێرانو دنیای دەرەوەدا دەربڕابوو. هەر لەوکاتەدا راپۆرت پێی لەسەر ئەوە داگرتبوو کە ئەگەر رۆژێک لە رۆژان کردەوەو رەفتاری نامەسئوولانەی دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامی، ئێرانی خستە بەر پەلامارێکی نیزامی، ئەرکی نیشتمانپەروەرانی کوردو سەرانسەری ئێرانە کە لە جیاتی دیفاع لە دەسەڵاتی کۆنەپەرستی لە دەرفەت کەڵک وەرگرنو پێش ئەوەی ئێران ببێتە وێرانە کۆماری ئیسلامی بڕووخێننو سیستمێکی گەلیو دێموکراتی لە جێگا دامەزرێنن.

راپۆرتی دەفتەری سیاسی دوای لێکدانەوەی وەزعی کوردستانو ئێرانو هەڵوێستی دنیای دەرەوە بەرامبەر بە ئێران ئاماژەی بە هەستیاربوونی هەلومەرجی ئەم قۆناخە لە خەبات کردبوو، و ئەرکی پلینۆمی لە بەرنامەدانان بۆ کارو تێکۆشانی حیزبەکەمان وەبیر هێنا بۆوە.

لە بەشێکی دیکەی کاری پلینۆم دا راپۆرتی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی لە بارەی وەزعی تەشکیلاتیو ئەرکەکانی تێکۆشەرانی حیزب لە قۆناخی داهاتوودا پێشکێش کرا. ئەم راپۆرتە بە باسێکی چالاکانەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی تەواوتر کراو، ریزە بڕیارێکی موناسیبی لە بوارە جۆراو جۆرەکانی کاری رێکخراوەیی‌دا لێ کەوتەوە.

راپۆرتی کارو تێکۆشانی رێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوەی کوردستان بڕگەیەکی دیکەی کارەکانی پلینۆمی کومیتەی ناوەندی بوو کە لەلایەن بەرپرسی کومیتەی حیزب لە دەرەوەی وڵاتەوە پێشکێش کرا. لەو بەشەش دا پلینۆم پاش گوێ راگرتن لە تێبینیو بیرو بۆچوونی هاوڕێیانی کومیتەی ناوەندی ریزە بڕیارێکی بۆ باشترو چالاکتر کردنی کارو تێکۆشانی هاوڕێیانی دەرەوەی کوردستان پەسند کرد.

بەشێکی گرنگی وەختی پلینۆم بۆ باس لەسەر پێویستیی پێکهێنانی کۆنگرەی چاردەهەم تەرخان کرابوو. لەو پێوەندییەدا پاش پێداگرتن لەسەر پێویستیی بەستنی کۆنگرە، کومیتەی ناوەندی کومیتەیەکی ئامادەکردنی کۆنگرەو هێندێ هەیئەتی دیکەی بۆ ئامادەکردنی دیکومێنتەکانی کۆنگرەو پێشنیاری ئاڵوگۆڕی پێویست لە بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆو ڕێبازی سیاسیو رێکخراوەیی حیزب دا هەڵ بژارد.

لە دوابەشی کاری پلینۆم دا کومیتەی ناوەندی دوای باسو راوێژی پێویست چوار هاوڕێی حیزبیی وەک ئەندامی موشاویری کومیتەی ناوەندی هەڵبژارد.

سەعات شەشی دوانیوەڕۆی رۆژی هەینی ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٨٦، رێکەوتی ١٣ی ئاوریلی ٢٠٠٧، پلینۆمی کومیتەی ناوەندی کۆتایی بە کارەکانی هێنا. بە ئاواتی فەسڵێکی پڕ کارو چالاکیو پڕ دەسکەوت لە خەباتو تێکۆشانی حیزبەکەمان.

سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، یادگاری رێبەرانی شەهید قازیو قاسملوو و شەرەفکەندیو هەزاران تێکۆشەری شەهید.

دەفتەری سیاسیی حیزبی
دیموکراتی کوردستان
١٣٨٦/١/٢٥
(٢٠٠٧/٤/١٤)

# ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمی کومیتەی ناوەندی

**ڕۆژانی ٢٣و ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٨٦ی هەتاوی پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێك هات. ئەم راپۆرتەی لێرەدا دەخرێتە بەرچاوی خوێنەران، لەم پلینۆمەدا کەوتۆتەبەرباسو پەسند کراوە**

## (بەشی یەکەم)

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

بەخێرهاتنی هەموو لایەک دەکەمو ئاواتم ئەوەیە ئەم پلینۆمە پلینۆمێکی بەرهەمدارو سەرکەوتوو بێ. لەم پلینۆمە دا ئێمە ئەرکی زۆرمان لەسەر شانە. ئەم پلینۆمە دەبێ هەموو بوارەکانی کاری حیزب، مەساییلی نێوخۆی حیزبی، هەلومەرجی کوردستان، هەلومەرجی ئێرانو هەلومەرجی دەرەوە هەڵسەنگێنێو لە پاشانیش بەرنامە بۆ ئایندە دابنێ. هەر بۆیە پێم باشە لە پێشەوە باسی وەزعی نێوخۆی حیزب بکەین، پاشان باسی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، باسی کوردستان وەکوو واحیدێکی گەورەتر بکەینو باسێکی هەلومەرجی ئێرانێ بکەین باسی نەک وەزعی نێونەتەوەیی بەڵام دیدگای کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە پێوەندی لەگەڵ ئێران دا بکەین، چونکە رەنگە ئەوی دیکە هەم لە حەوسەلەی ئەم کۆبوونەوەیە خاریج بێ، هەم ئیحتیاجی بە ئامادەکردنێکی زۆرتر هەبێ.

کە بێینە سەر وەزعی نێوخۆی حیزب مەبەست زیاتر وەزعێکە کە پاش ١٥ی سەرماوەز هاتۆتە گۆڕێ. هەرچەند نزیك بە چوار مانگو نیوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش هەوڵێکی زۆری هەموو لایەکمان بۆ ئەوەی لە لەتبوونو دووپارچەیی رزگاری بکەین، بە پێچەوانەی ویستی ئێمە لەت بووە. ئەو لەتبوونە لە پێش دا بۆ ئێمە کە تێکۆشەرانی ئەم حیزبەینو رابردووی زۆرمان لەو حیزبە دا هەیەو رەنجی زۆرمان تێیدا کێشاوە، ڕووداوێکی تاڵ بوو. پاشان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەڕاستی یەکجار دڵتەزێن بوو. ئەو خەبەرانەی دەگەن نیشان دەدەن کە بە هەزاران کەس هەروەکوو وەختی خۆی گوتمان لە داخی ئەو لەتبوونەی گریاون. بەڵام بەو حاڵە لە پێوەندی لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی ئێمە دا، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئەسڵانە دا کە ئێمە ئێعلانمان کردوون وەکوو رێبازی سیاسیی خۆمان هێندێك شت هەن کە دەتوانین بە شتی موسبەتیان هەڵسەنگێنین. لەوانە ئەمن ئیشارە بە چەند شتێك دەکەم: پێش هەموو شتێك پێشوازیی رووناکبیران یان ئەوانەی کە پێیان دەڵێن بژاردەکان، نوخبەگان، لەو ئەسڵانە بوو کە ئێمە وەکوو "هێڵە گشتییەکانی رێبازی حیزب" ئێعلانمان کردوون. بۆ من ئەوە وەکوو شتێکی موسەللەمی لێ هاتوە، چونکی لە خەڵکی جۆراوجۆرم بیستوە کە لە ژوورەوەی وڵات هەموو خەڵکەکە لە لەتبوون بێزار بوون. بەڵام ئەگەر هەڵدەسەنگێنن، نوخبەگانو ئەوانەی ئەهلی لێکدانەوەی قووڵن، تەئییدی ئێمە دەکەن.

لە نوقتە قوەتەکانی دیکەی ئێمە ئەوەیە کە بەشێکی گرنگ لە پێرسۆنێلی حیزبی لێرە چ کادرەکان، چ پێشمەرگەکان لەم لایەن. ئەگەر تەماشای ریزی کادرەکان دەکەین، بەتایبەتی کادرە بە سابیقەکان، کادرە ئاگاه و تێگەیشتووەکان، ئەوانەی کەیفییەتیان لەسەرێیە، بە خۆشییەوە بەشی زۆرتریان لەگەڵ ئێمەن. لە دەرەوەی حیزبو لە دەرەوەی تەشکیلات چ ئەو کەسانە کە حیزبی بوونو بە جۆرێك لە جۆران بێتەفاوەت بوونو چ ئەو کەسانە کە حیزبی نەبوونو چ ئەو کەسانەی دانیشتووی سازمانەکانی دیکەنو تەنانەت هێندێك کەس کە لە سازمانی دیکەش دان بەڵام چاو دەبڕنە ئاڵوگۆڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو تەعقیبی دەکەن. ئەوانەی کە خوازیاری نوێبوونەوەو شتی تازەن، بۆ من دەرکەوتوە، پێم وایە بۆ ئێوەش دەرکەوتوە، چ ئومێدێکیان بە ئێمە هەیە، تەماسمان دەگەڵ دەگرنو پێشنیاری هاوکاریو هاوفکری دەکەن. ئەو شتانەی کە وەکوو هێڵی گشتیی سیاسی ئێمە ئێعلانمان کردوون، پێم وایە جێی خۆشحاڵییە کە تا رادەیەکی زۆر جێگایان گرتوە. هەتا ئێستا نە موافیقو نە موخالیفی ئێمە، نەدۆستمان نە دوژمنمان هیچ کەس ئیرادی لێ نەگرتوون. رەنگە شتی وایان نووسیبێ کە: ئەوە شوعارە، یان بۆ پێشتر نەیان دەگوت، یان بە چ مەعلوومە جێبەجێی دەکەن، بەتایبەتی لەو دواییانە دا هەقیشیانە کە چوار مانگ تێپەڕیوە ئێمە دەستمان بە تەتبیقی ئەو ئەسڵانە نەکردوە. بەڵام کەس نەیگوتوە کە ئەو ئەسڵانەی ئێمە ئێعلانمان کردوون، غەڵەتن، بۆ ئەم عەسرە نابنو دواکەوتووانەن. ئەوانە شتە موسبەتەکانی ئێمە بوون.

بەڵام لەلای دیکەوە ئێمە لەگەڵ گیروگرفتی زۆر رووبەڕوو بووین. لە باری ئیمکاناتەوە دەزانین کە هەموو ئیمکاناتی ئەم حیزبەی بەتایبەتی لە باری ماڵییەوە لە ئیختیاری تەرەفی موقابیل دایەو بە شێوەی زۆر نامەنتیقی بەرخوردی پێ کردوەو ئیستیفادەی لێ کردوە. ئێمە بە حەددی ئەقەللێکی ئیمکاناتی تەنانەت هاتۆچۆش قەناعەتمان کردوە. لە ئیمکانات رەنگە یەک لە دە یان یەک لە هەشتی بە دەستی ئێمەوە بێو ئەوی دیکە هەموو بە دەستی ئەوانەوەیە. سەرباری ئەوە هەموو رۆژێ گیروگرفتیان بۆ خوڵقاندووین. شەڕهەڵایساندنو تەعەدا لەمو لەوو شەڕفرۆشتنو فەزا شێواندنو ئەوانە، ئەوە موشکلاتێکی زۆرە کە بەڕاستی بۆ ئێمە دەستوپێگیر بووە. تەبلیغاتێکی زۆر نامونسیفانەو زۆر رێونکەر لەلایەن ئەو رەفیقانەی کۆنمانەوە کراوە کە بۆتە باعیسی شێواندنی فەزایەکە لەلایەک، پاشان بە هەڵەدابردنی بەشێکی هەرچەند کەمیش لە ئەفکاری خەڵکی نێوخۆی وڵات. وەك هەمیشە سەنگەرگرتن لە پشت عەکسی شەهیدانەوەو "سوء استفادە" لە ناوی شەهیدە نەمرەکانمان یەکێکی دیکە لە رەفتارەکانی ئەو کۆنە رەفیقانەمان بووە کە هەم بێحورمەتییان بە شەهیدەکان کردوەو هەم لە عەینی حاڵ دا زەینی خەڵکیان لە بارەی ئێمە دا شێواندوە.

بەڵام لەو پێناوە دا موقاوەمەتی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لێرە لە بەرابەر ئەو موشکیلاتەدا کە بوویانە، بێ ئیمکاناتی، کەمبوونی زۆر لە پێداویستییەکانی ژیان، لە پاشانیش ئەو موشکیلاتەی کە بۆیان خوڵقاوە، ئەو موقاوەمەتە موقاوەمەتێکی بەڕاستی جێگای تەقدیرە. بەتایبەتی لەو بارەیەوە کە ئەوانە لەگەڵ ئەوەی غووروری پێشمەرگایەتییان هەیەو ئازاترینو زوبدەترین فەرماندەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان تێدان، بەڵام دیسانەکە مەسئوولانە ددانیان بە جەرگی خۆیاندا گرتوە. زۆر ناهەقییان قبووڵ کردوە بۆ ئەوەی خوێنی رۆڵەی کورد بە دەستی رۆڵەی کورد نەڕژێو لەگەڵ خوێنەکە ئابڕووی حیزبی دێموکراتو تێکۆشەرانی دێموکراتیش نەڕژێ. لەو بارەیەوە بەڕاستی رەفیقانی ئێمە جێگای شانازیو جێگای تەقدیرن.

لەباری فەعالییەتی حیزبییەوە لەگەڵ ئەوەی کەموکوڕیمان هەیەو نەمان شاردۆتەوەو تەنانەت هەر لەو ماوەیەی رابردوو دا لە کۆبوونەوەیەک دا ئیشارەشمان پێکرد، بەڵام لەگەڵ ئەو هەمووە موشکیلاتەی هەمانە فەعالییەتو چالاکی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بەرچاو بووەو جێگای دڵخۆشییە. بەتایبەتی لە بواری تەبلیغاتیدا ئەو رەفیقانەی ئێمە بۆیە دەبێ وەکوو نموونەی ئینسانی فیداکارو ئینسانی مەسئوول چاویان لێبکەین. هەر تەماشا بکەن ئەو رۆژنامەیەی کە جاران ئاخری مانگ تاریخی لێدەدرا بەڵام دوو و سێی مانگێ دەردەچوو کە هەموو حیزبەکە بەسەریەکەوە بوو، ئێستا ئەوڕۆکە کە دەبێتە ٢٣ی مانگ رۆژنامەیەک کە دەبوو ئیحتیمالەن ٣١ی مانگێ دەربچێ ئەوە لەبەر دەستمان دایە، نیشانەی ئەوەیە کە خۆیان ماندوو کردوە. شەوو رۆژیان خستۆتە سەر یەکو کاریان کردوە. جاری وابووە رۆژنامەکە لە حەجمی مەعموولییش زیاتر بووە. سایتێکی کە هەمانە بەڕاستی یەکەم جارە کە ئەمن دەبینم سایتێکمان هەیە بۆیە دەبێ خەڵك سەری بدا. پێشم وایە مراجعی لە سایتەکانی دیکە زیاترە چونکە هەموو رۆژێ شتی تازەی تێدایە، هەموو رۆژێ نوێ دەبێتەوە، لە عەینی حاڵدا شتی وەزینو بە قیمەتی تێدایە.

باری تەشکیلاتی مەتلووب نیە، بەڵام دیسان فەعالییەتی تەشکیلاتیمان لێرە، لە دەرەوە، لەنێوخۆ دا باشە، ئەی نێوخۆمان دەبێ بڵێین فەزڵی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هاوڕێیانو دڵسۆزانی حیزب کە بۆخۆیان تەماس دەگرن، بۆخۆیان دێن، موراجەعە دەکەن. هیچ زیادم نەگوتوە ئەگەر بڵێم نیسبەتی هاتنی ئەندامانی حیزب بۆ ئێرە، موراجەعاتی ئێمە زۆر زیاترە لەو

٤ ←

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیک لەنێو حیزبو کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## سەردانی شاندێکی دەفتەری سیاسیی حیزب لە بنکەی سەرکردایەتیی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران



◈ لە درێژەی دیدارو چاوپێکەوتنەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان ڕێکەوتی ٢٧ی خاکەلێوە شاندێکی دەفتەری سیاسی سەردانی بنکەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستیان کرد. شاندی حیزب کە بریتی بوو لە بەڕێزان ماموستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەمالی کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی، سمایل بازیار، محەممەد کەسرایی‌و محەممەد حەسەنپوور ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی‌و رامبود لوتفپووری راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە سلێمانی‌و برایم ابراهیمی، لەلایەن شاندێکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە پێکهاتوو لە بەڕێزان برایم عەلیزادە، ساعید وەتەندوست، بارزان حەسەنپوور، حەسەن رەحمان پەنا، ئەحمەد ساڵحی، عوسمان رەمەزانی، جەعفەر ئەمین زادەو رەشید رزاقی پێشوازیی لێ کرا.

شایانی باسە لە چاوپێکەوتنێکی چەند کاتژمێری دا شاندی هەردوو لایەن کۆمەڵێك بابەتی پێوەندیدار بە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە، هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێرانیان تاوتوێ کردو بیرو ڕایان لەسەر گۆردرایەوە. لەم دیدارەدا بەتایبەتی پێویستیی پێك هێنانی پلاتفۆرمێك لە نێوان هێزە کوردستانییەکان دا پێی لەسەر داگیرایەوە.

## دەیان مامۆستاو چالاکی فەرهەنگی دستبەسەر کران

◈ بە پێی هەواڵی " رادیۆ فەردا" رۆژی ١٨ی خاکەلێوە ٣٠ ئەندامی بەڕێوەبریی ناوەندی پیشەیی مامۆستایان‌و ژمارەیەکی دیکە لە مامۆستایانی پارێزگای هەمەدان لە کۆتایی کۆبوونەوەی ئەو ناوەندەدا لەلایەن هێزە ئینتزامییەکانەوە دەستبەسەر کران. دەوترێ هێزە ئینتزامییەکان پاش دەستبەسەر کردنی ئەو ژمارەیە لە مامۆستایان ١٥ مامۆستای دیکەیان لە ماڵەکانیان دەستگیر کردوە.

لەگەڵ ئەوەی کە مامۆستایان لە کۆبوونەوەکانی خۆیان دا رایانگەیاندوە کە ئەوان تەنیا بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی لە کەمیی مووچەو رەوشی نالەباری گوزەرانیان کۆبوونەتەوەو هیچ مەبەستێکی سیاسییان نیە، بەڵام ڕێژیم لە رۆژی ١٧ی رەشەمەی ساڵی رابردووەوە تا ئێستا دەیان مامۆستای لە شارەکانی تاران، هەمەدان، کرماشان، زەنجان‌و ئەردەبیل دەستگیر کراوە.

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە شورای هەماهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایان رۆژی ٩ی خاکەلێوە کۆ بوونەوەو بەدەرکردنی راگەیەندراوێك خوازیاری لاچوونی مەحموود فەرشیدی وەزیری پەروەردەو داوای لێبوردنی فەرمیی دەوڵەت لە هەڵسوکەوتی نەشیاو لەگەڵ مامۆستایان بوون.

## سنە : تەرمی کەسێك لە دەوروبەری بەنداوی سنە دۆزرایەوە

◈ کاوە فاتحی دانیشتووی گەڕەکی حاجیاوای شاری سنە ماوەیەك لەمەوبەرو بەدوای کوژرانی کەسێك بە ناوی ناسر بیگلەری لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە دەستگیر کرا. شایانی باسە چەند رۆژ لەمەوبەر تەرمی ناوبراو لە دەوروبەری بەنداوی سنە لە کاتێك دا دۆزراوەتەوە کە شوێنەواری شکەنجەی زۆری پێوە دیاربوو.

## مەریوان: بە هۆی دەسترێژی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کاسبکارێك گیانی لە دەست دا

◈ رۆژی سێشەممە ٢١ی خاکەلێوە هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لە سنووری مەریوان پێنجوێن تەقەیان لە ژمارەیەك کاسبکاری سەر سنوور کرد. لە ئاکام دا کەسێك بە ناوی محەممەد حاجی عەلی خەڵکی ئاوایی قوڵقوڵە بریندار بووو لە ڕێگای گوازتنەوە بۆ نەخۆشخانەی پێنجوێن گیانی لە دەست دا.

## ناوەندی چاك داوا دەکا یادی ٢٠ ساڵەی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت بە شێوەیەکی شیاو بکرێتەوە



◈ بە بۆنەی نزیکبوونەوەی بیستەمین ساڵی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت‌و گوندی رەشە هەرمێ (١٩٨٧/٦/٢٨ ـ ٢٠٠٧/٦/٢٨) ناوەندی چاك داوای لە هەموو لایەك کردوە "ئەمساڵ یادێك لەو کارەساتەو لە قوربانییانەمان بکەینەوە، شایانی گەورەیی یادەوەری ٢٠ ساڵەی کارەساتەکە بێت، رۆژی کارەساتەکە بکرێتە رۆژێك بۆ رسواکردنی دوژمنانی گەلەکەمان‌و چەکی کیمیاوی".

ناوەندی چاك داوای لە پارت‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کردوە هەموویان یەکگرتووانە بەرەو یادکردنەوەی کارەساتی سەردەشت بچن‌و داوای کردوە "یادێکی وای ئەو کارەساتە بکەینەوە لە ئاستی گەورەیی تاوانەکەو ژمارەی قوربانییانی‌و تێکۆشەری‌و مێرۆژی پڕ لە شانازیی شاری سەردەشت دابێت".

شایانی باسە لە ١٩٨٧/٦/٢٨ فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕێژیمی بەعس شاری سەردەشت‌و گوندەکانی دەوروبەریان بۆمباران شیمیایی کرد. لە ئاکامی شوێنەوارەکانی ئەم بۆمبارانە دا تا ئێستا زیاتر لە ١٠٠٠ کەس بوون بە قوربانی.

## چالاکیی تێکۆشەرانی حیزب لە شارەکانی پیرانشارو بۆکان

تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنیی حێزبی دێموکراتی کوردستان چالاکییەکی تەبلیغاتیان لە شارەکانی پیرانشارو بۆکان بەرێوە برد. لەم چالاکییەدا کە رۆژانی ٢٦و ٢٨ی خاکەلێوە بەرێوە چوو ژمارەیەکی بەرچاو لە CDیەکانی ڕێورەسمەکانی نەورۆزیی بنکەکانی حیزب، ڕێورەسمەکانی ٦٠ ساڵەی شەهید کرانی پێشەواو هاورێیانی، رۆژژمێری کوردستان، وێنەی ڕێبەرانی شەهید، تراکت‌و بڵاوکراوەکانی دیکەی حیزب لە شوێنە گشتییەکانی ئەو شارانە بڵاو کرانەوە.

## بانە

### هیزەکانی ئەماکن ژمارەیەك دەزگای ماهوارەی خەڵکیان دەست بەسەر دا گرت

◈ شەوی ٢٦ی خاکەلێوە هێزەکانی ئیداری ئەماکن هەلیان کوتایە سەر ژمارەیەك لە ماڵەکانی گەڕەکەکانی گوڵشەهر، شەقامی نەخۆشخانەو دەستیان بەسەر چەندین دەزگای ساتلایتی خەڵك داگرت، ئەم کردەوەیەی ئەم دواییانەی ڕژیم لە شاری بانە لە درێژەی ئەو پەلەقاژە بێسوودە دایە کە ڕێژیم لە بەرامبەر دەستراگەیشتنی ئازادانەی خەڵك بە زانیاری لە خۆی نیشان دەدا.

شایانی باسە زانیارییەکان ئەوە پشت راست دەکەنەوە کە هێزە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم ماوەیەکە شەوانە زۆربەی گەڕەکەکانی شار کۆنترۆل دەکەن‌و بە سەر هاتوچۆی خەڵك دا چاوەدێری دەکەن.

## رەبەت

### بە هۆی تەقەکردنی هێزەکانی ڕێژیم ٥ کەس بریندار بوون

◈ڕێکەوتی ٣٠ خاکەلێوە هێزە ئینتزامی‌یەکانی ڕێژیم لە کاتی راوەدوونانی ماشێنێکی هەڵگری گازۆئیل لە ئاوایی وەرگێل تەقە لەو ماشێنە دەکەن. لە ئاکامدا شۆفیری ماشێنەکە بەناوی سلێمان‌و چوار کەس لە خەڵکی ئاوایی بە ناوەکانی شۆرش عەبدوڵڵا زادە، ئەمیر خدر ئاغا، سلێمان قادر زادەو مستەفا ئارمان بریندار بوون. شایانی باسە دوو کەس لە بریندارەکان بۆ مەهابادو سێ کەسیان بۆ سەردەشت رەوانە کراون.

### ژن‌و مێردێکی بۆکانی بە شێوەیەکی دڕندانە کوژران

◈ رۆژی سێشەممە ٢١ی خاکەلێوە ژن‌و مێردێك لە گەڕەکی پشت بیمارستانی کۆن لەلایەن کەس یان کەسانێکی نەناسراوەوە بەشێوەیەکی دڕندانە سەربڕان. بە پێی زانیارییەکان پیاوەکە ناوی میرزا محەمەد رەسووڵی کارمەندی خانەنشینی بانکی سادرات بووە. تا ئێستا لە هۆکارەکانی ئەنجام درانی ئەو تاوانە هەواڵێك لە دەست دانیە.

## کۆچی دوایی خەباتگێڕی دێرین عومەرخانی بابامیری



وێنەی ٤٢ ساڵ لەمەوبەری کاك عومەر بابامیری

رۆژی ٢٢ی خاکەلێوەی ئەمساڵ عومەر بابامیری ناسراو بە عومەرخان لە تەمەنی ٧٨ ساڵی‌دا کۆچی دوایی کرد.

عومەری بابامیری کوڕی سەلیم خان، ساڵی ١٣٠٨ لە ئاوایی تیکان تەپەی فەیزوڵڵابەگیی ناوچەی بۆکان لە دایك ببوو.

لە سی‌یەکانی ١٣٠٠ی هەتاوی دا بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لە راپەڕینی جووتیاران دا رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو و ژاندارمەرکان بە هۆی نەخشی لە بەڕێوەبردنی بەشێك لەم حەرەکەتەدا گرتیان. دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ جارێکی دیکە بۆ ماوەی ٨ مانگ لە زیندانەکانی مەهابادو ورمێ گیرا. لە ئاکامی تێکۆشانی زۆرو بەرچاوی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، ساڵی ١٣٣٨ لەگەڵ سەدان تێکۆشەری دیکەی حیزبی دێموکرات لەلایەن ساواکەوە کەوتە بەر شاڵاوی گرتنی بەکۆمەڵ‌و بۆ ماوەی زیاتر لە ٥ ساڵ کەوتە زیندان. پاش ئازاد بوون لە بەندیخانەش عومەری بابامیری هەروەك کوردێکی نیشتمانپەروەرو خەباتگێر مایەوەو لە هاندانی لاوان بۆ کۆڕی خەبات بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی‌و وەڕێخستنی خۆپێشاندانەکان دا چالاکانە بەشدار بوو.

بە دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران‌و دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات عومەر خان وەك پێشمەرگەو دواتر وەك کادرێکی خۆشەویست‌و بە نفووز لە کومیتەی شارستانی بۆکان دەستی بە خزمەت کرد. پاشان لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب درێژەی بە تێکۆشان داو بۆ ماوەیەکیش بەرپرسی ئاسایشگای حیزبی دێموکرات بوو. کاك عومەر ساڵی ١٣٦٤ بە هۆی چوونە سەری تەمەنی‌و گیروگرفتی بنەماڵەیی گەڕایەوە بۆکان. بەڵام لەو کاتەوە تا کاتی دوامالئاوایی لە گەل‌و نیشتمانەکەی وەك نموونەی کوردێکی نیشتمانپەروەرو خەباتگێڕ مایەوە. لە ڕێنوێنیی لاوان‌و هاندانیان بۆ خۆشەویستیی نەتەوەو نیشتمانی خۆیان غافڵ نەبوو. لە هەموو کۆڕو مەجلیسێك دا بە ئاشکرا بە دژی دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی ڕێژیمی دەسەڵاتدارو بە لایەنگری لە خەباتی رەوای نەتەوەکەی‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان، قسەی دەکرد. عومەرخانی بابامیری پشتیوانی هەموو حەرەکەتێکی خەباتگێڕانەو نەتەوەیی‌و ئازادیخوازانە بوو. ئەم رابردووە پرشنگدارەو ئەم هەڵوێستە ئازایانەیەی کرد بووی بە کەسایەتی‌یەکی خۆشەویست‌و ناسراو لە ئاستی کوردستان دا. کاتێکیش کۆچی دوایی کرد وەك خەباتگێڕێکی ناسراو و وەك کەسایەتی‌یەکی خۆشەویست، لە حاڵێك دا تەرمەکەی لە ئاڵای کوردستانە پێچرابوو لەنێو ماتەم‌و هاوڕێیەتیی خەڵکێکی زۆری بۆکان‌و شارو ناوچەکانی دیکەدا، لە تیکان تەپە بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك عومەربابامیری‌یەوە، سەرەخۆشی‌و هاودەردیی گەرمی خۆی پێشکێشی بنەماڵەکەی، فەیزوڵڵابەگی‌یەکان‌و خەڵکی بۆکان بە تایبەتی دەکاو، خۆی لە خەم‌و ماتەمیان دا بەشەریك دەزانێ. ناوی عومەرخانی بابامیری‌و یادی ئەو کەسایەتی‌یە خەباتگێڕو قسە خۆش‌و کۆڵنەدەرە لەلای حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و تێکۆشەران‌و ئۆگرانی حیزب هەر بە زیندوویی‌و خۆشەویستی دەمێنێتەوە.

**راست کردنەوە:**

ـ لە ژمارەی ٤٥٩ی "کوردستان" لە هەواڵی پێوەندیدار بە کوژرانی کاسبکارێکی خەڵکی ئاوایی قەرە قشلاقی مەهاباد دا گوتراوە قاسم پەخان بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم کوژراوە. بەڵام دواتر ئاگادار کراینەوە کە ناوبراو بە هۆی پێکدادانی ماشێن گیانی لە دەست داوە. بەم چەشنە ئەم هەواڵە راست دەکەینەوە.

ـ لە دابەزاندنی قسەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە ڕێورەسمی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەواوو هاوڕێیانی‌دا هەڵەیەك رووی داوەو لە جیاتی لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦... نووسراوە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا... بەم چەشنە ئەم هەڵەیە راست دەکەینەوە.

## سەردەشت

### کۆچی دوایی دوو مرۆڤی نیشتمانپەروەر

◈ڕێکەوتی ٢٤ی خاکەلێوەی ٨٦ دوو نیشتمانپەروەری کورد لە ناوچەی سەردەشت بە ناوەکانی وەستا ئەحمەد کانی زەردی‌و کاك حەمە رەسووڵ رۆستەم پوور کۆچی دواییان کرد.

وەستا ئەحمەدی کانی زەردی، باوکی شەهید ملا خدری کانی زەردی‌و لە دڵسۆزانی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و تێکۆشەرانی حیزب لە ناوچەی سەردەشت بوو.

کاك حەمە رەسووڵ رۆستەم پوور (خەڵکی ئاوایی بێورانی خوارێ) کەسێکی خۆش ناوی ناوچەکە بوو کە هەردەم یارو یارمەتیدەری حیزب‌و بزووتنەوەی کوردستان بوو.

بەم بۆنەیەوە وێرای بەداخبوون لە کۆچی دوایی ئەو دوو مرۆڤە نیشتمانپەروەرە سەرەخۆشی لە بنەماڵەکانیان دەکەین.

## رەبەت

### کۆچی دوایی ژنێکی نیشتمانپەروەر

◈ڕێکەوتی ٢٤ی خاکەلیوە پوورە مێرێ هاوسەری حەسەن بەگی گۆڵێ لە تەمەنی ٧٠ ساڵی‌دا کۆچی دوایی کرد.

پوورە مێرێ‌و ماڵەکەی هەمیشە پشت‌و پەنای تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. بەم بۆنەیەوە لەگەڵ بنەماڵەی نابراو هاودەردی دەکەین‌و لە خەمی لەدەستچوونی ئەم ژنە نیشتمانپەروەرەدا خۆمان بە هاوبەش دەزانین.

دریژەی

# را پۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

وەختــە کــە حیزبــی دێمــوکرات یەکپارچە بوو. زۆر کەس هەیە کە وەختی خۆی ئیرتیباتی تەشکیلاتیی هەبووە ئێستا ئیرتیباتی تەشکیلاتی لەوان پچڕیوە لەگەڵ ئێمەی دەگرێ. ئی وا هەیە ئیرتیباتی تەشکیلاتی نەبووە بۆخۆی دێ ئیرتیبات دەگرێ.

لەباری دیپلۆماسی‌یەوە لەگەڵ هەموو موشکیلاتەکەی پێم وایە هاوڕێیانمان کاری باشیان کردوە. لێرە وەك دەبینین لەگەڵ هەموو حیزبە سیاسی‌یەکان پێوەندیی باشمان هەیە. هەموویان بە چاوی ڕێزەوە تەماشامان دەکەن. هەر موشارەکەتی ئەو هەمووە حیزبە لە یادی ١٠ی خاکەلێوە دا بە دەعوەتی ئێمە، بۆخۆی نیشانەی ئەوەیە کە پێوەندی‌یەکانمان پاراستوون، پێوەندی‌یەکانمان لەگەڵ هەموان باشن. لە دەرەوەی حیزبیش لەگەڵ ئەوەی دیسان هەر مەتلووب نیە، بەڵام هەم لەگەڵ حیزبە سیاسی‌یەکانی کورد، دەگەڵ حیزبە سیاسی‌یەکانی ئێرانی تا رادەیەکی باش و دەگەڵ هێزە سیاسی‌یەکانی دەرەوەش پێوەندی‌یەکی دیپلۆماسیی مەعقوول هەیە کە نابێ رازیمان کا، چونکە ئیحتیاجی بە کاری زۆرتر هەیە، بە خۆناساندنی زۆرتر هەیە. لەبەر ئەوەی ئەو لەتبوونە هێندێك موشکیلاتی پێك هێناوە چ لە نێوخۆو چ لە دەرەوەو چ لە ئێرانێ دا.

شتێکی دیکە کە بە باوەڕی من دەبێ زۆر بە موسبەت هەڵی سەنگێنین، بەدەنگەوەهاتنی خەڵکی کوردستان بوو لە بارەی یارمەتیی ماددی‌یەوە. هیچ زیادم نەگوتوە کە بڵێم: قەت نەدیوە خەڵك ئاوا بۆ یارمەتی کردن بە دەنگی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بێ. بەجۆرێك کە ژیانی ئێمەیان تەئمین کردوە. رەنگە بۆ ئێوە سەیر بێ کە بڵێم رادەی یارمەتیی یەك جێگا گەیوەتە مەبلەغی چەند میلیۆن، بگرە دەیان میلیۆنی کە ئەوە هەم نیشانەی فەعالییەتی ئێمەیە، هەم لە عەینی حاڵدا نیشانەی قبووڵی ئەو لایەنانەیە، ئەو کەسانەیە کە کۆمەگ بە حیزبی دێموکرات دەکەن. لە واقیع دا یارمەتیی ماددی هەمیشە یارمەتیی سیاسیی لە پشتە. هەر ئەوڕۆکە یەك نەفەر یارمەتی‌یەکی ناردبوو داواشی کردبوو هەر ئەمن بزانم، گوتم پێش ئەوەی بزانم چەندە پێی بڵێ قەت لەبیری ناکەم، پێم بە میلیۆن دولار دەبێ. کەسێکە کە لێی‌ڕانەسپێراوە، کەسێکە کە حەتا رەنگە بیرمان لێی نەکردبێتەوە. بەڵام بۆخۆی کە تەعقیبی ئەفکاری حیزبی دێموکراتی کردوە، دەستی بردوە ئەو مەبلەغە کەمەی کە لە دەستی هاتوە کە بەنەزەری من مەبلەغێکی یەکجار بەقیمەتە، ناردوویەتی. پێم وایە ئەوەندەی لە توانا دابووە دەنا چی لە تواناداا با دەی نارد. ئەوە پێش ئەوەی پشتگیریی ماددی بێ، پشتگیریی سیاسی‌یە.

لەسەریەك دەتوانم بڵێم لەگەڵ هەموو کەموکووڕی‌یەك، لەگەڵ هەموو موشکیلاتێك کە هەمانە، ئێمە هەم لەنێو کۆمەڵی کوردەواریی خۆمان دا، هەم لە نێو هێزە سیاسی‌یەکانی کورد داو هەم لە نێو جامعەی دەرەوەی کوردستان دا وەرگیراوین. ناڵێم وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتەنێ بەڵام وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان قبووڵیانین. بە خیلافی نەزەری ئینحیسارتەڵەبان کە پێیان وایە ئەوان بەتەنێ حیزبی دێموکراتی کوردستانن.

موشکیلێکی دیکە کە لەسەر رێمانە ئەوەیە کە ئێمە هەتا ئێستا پێکەوەین. هەم ماڵەکانمان هەم مەقەڕەکانمان تەفکیك نەبوون. ئەوە سەرچاوەی بەشێکی زۆر لە موشکیلاتە. رەنگە ئەگەر پێکەوەش نەمێنین هێندێك موشکیل هەر ساز بن، بەڵام ئەوە رێگای بۆ موشکیلاتەکەو بۆ حادیسە دروستکردنەکە خۆش کردوە. هەوڵێکی زۆریشمان داوە کە هەتا ئێستا سەرنەکەوتووین‌و ئێستا هیواداریـن کە بتوانین هەموو لایەك قانیع بکەین یان بۆخۆیان قەناعەتیان هاتبێ کە وەختی ئەوە هاتوە کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم بە شێوەیەکی جیددی واریدی ئەو باسە بن.

لەو دوایانە دا باسێك لە هەوڵی یەکگرتنەوە هاتۆتە پێشێ. ئێمە هەمیشە جوابەکەمان ئەوە بووە کە لە بنیڕا موخالیفی ئەو لەتبوونە بووین. لەڕاستی دا حیزبی ئێمەیە لەت بووە، حیزبی ئەوان نیە لەت بووە. ئەو حیزبە بە خوێنی جگەری ئێمە پەروەردە بووە. بۆ ئەوان تا حەددێکی زۆر سەروەتێك‌و نێعمەتێکی باد ئاوەردەیە. کەوابوو ئێمە موخالیفی لەتبوونی بووین‌و ئێستاش موافیقی یەکگرتنەوەین، بەڵام دەمانهەوێ وا یەك بگرینەوە کە جارێکی دیکە لەت نەبینەوە. یەك ناگرینەوە بۆ لەتبوونەوە. کەوابێ بۆ ئەوەی یەك بگرینەوەو لەت نەبینەوە. دەبێ هێندێك ئوسوول‌و پرەنسیپ‌و لە عەینی حاڵ دا میکانیزمێك بە زەمانەتێکەوە هەبێ کە ئەو خەڵکە هەمووی خۆی لە حیزبەکە دا ببینێتەوەو سبەینێ جارێکی دیکە حیزبەکە لەت نەبێتەوە. دەبێ سەعی بکەین لەمەو دواش ئەو خەتە ئوسوولی‌یە کە گرتوومانەو رەنگە بەشێکی زۆری ئەو حورمەتەی خەڵك بۆ ئێمەی هەیە لەوەی‌ڕا بێ، خەتی بانگەواز بۆ ئاشتی، بۆ برایی، بۆ تەبایی، بۆ خۆ بەمەسئوول زانین بەرامبەر بە خوێنی رۆڵەکانی میللەتی کوردو ئابڕووو ئیعتیباری تێکۆشەرانی کورد، ئیدامە بدەین. هەزارجار تەرەفی موقابیلمان شەڕفرۆشی‌یە بکا، جنێوفرۆشی‌یە بکا ئێمە نابێ چاو لەوان بکەین. یانی ئەگەر ئێمەش فەرهەنگی ئەوان رەچاو بکەین لەڕاستی دا بێجگە لەوەی فاجیعەیەك دەتوانێ بخولقێ، نیشان دەدا کە ئێمەش لە باری فەرهەنگی سیاسی‌و لێکدانەوەی سیاسی‌و لێکدانەوەی ئیجتیماعی‌یەوە فەرقێکمان لە گەڵ وان نیە کە بە باوەڕی من ئەوە بۆ ئێمە زەرەرە.

دێمە سەر وەزعی رۆژهەڵاتی کوردستان کە دیارە شتێك نیە بۆ ئێوەی باس بکەم و ئێوە لەمنی ببیسن. ئەو لێکدانەوەیە کە ئەمن هەمە پێم وایە هەموومان پێی گەیشتووین. کوردستانی ئێمە لە وەزعییەتێکی زۆر بەرزی وشیاریی سیاسی دایە. هەستی نەتەوایەتی، هەروا هەستی نیشتمانپەروەری هەم لە باری ئوفوقی‌یەوە یانی لەباری ویسعەتەوە پێم وایە لە بەرزترین رادەی خۆی دایە. هیچ وەختێکی ئەوەندە خەڵك لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ بیروباوەڕی نەتەوایەتی تێکەڵ‌و ئاشنا نەبووە، هەم لە باری عومقی لێکدانەوەی سیاسی‌یشەوە. زۆر جار کە رووناکبیرێکی نێوخۆی وڵات دەبینی‌و بۆت دەدوێ، هەست بە سەربەرزی‌و خۆشحاڵی دەکەی. چونکە تەماشا دەکەی لەگەڵ ئەوەی مەجالی نەبووە وەکوو ئێمە دیداری سیاسیی هەبێ، کۆبوونەوەی سیاسی پێك بێنێ‌و مناقشەی سیاسیی هەبێ بەڵام لە پلەیەکی بەرز دایە لەباری ئاگاهیی تاریخی‌یەوە، لە باری ئاگاهیی سیاسی‌یەوە، لە باری لێکدانەوەی مەسەلە سیاسی‌یەکانەوە. لەگەڵ ئەوەی لە ئێمە وەکوو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێش لەتبوون ناڕازین، بەڵام لە عەینی حاڵدا ئەوە نەبۆتە باعیسی ئەوە کە خەڵکەکەمان پاسیڤ بێ. دیسان پێوەندی‌یەکی توندوتۆڵمان لەگەڵ دەگرن. دیسان لە هەوڵی ئەوە دان کە ئەو حیزبەی زیندوو بکەنەوە، لە جاران فەعالتری بکەنەوە. هاتنی جەوانان بۆ ریزی پێشمەرگایەتی دیسان دیاردەیەکی جالیبە. لەگەڵ ئەوەی هاوڕێیان لە بەشی پەزیرش - هەر دەبێ واش بکەن - زۆر لێ‌دەکۆڵنەوەو سەعی دەکەن کەسانێك وەربگرن کە چاکتریان ناسیبن بەڵام بەو حاڵە ژمارەیەکی یەکجار زۆر هەر لەو ماوەیە دا هاتوون ریزەکانی پێشمەرگەیان هەڵبژاردوە. هەتا ئێستا ئەگەر ئیشتیبا نەکەم دوو دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەمان پێك هێناوەو گوزەراندوە. هەروا داوای خەڵکەکە بۆ چالاکتر بوون نیشانەی عەلاقەیانە. بەڵام لەو پێوەندی‌یەدا دەبێ قبووڵ بکەین کە ئێمە نەگەیشتووینە ئەو جێگایەی کە دەبێ پێی بگەین. پێویستە پێوەندیمان زیاتر بێ. لەو ئامادەگی‌یەو لەو پوتانسیەلەی کە لە خەڵکەکەمان دا هەیە، ئیستیفادەی زیاتر بکەین‌و دیارە چەندی مومکینە نەك سواری ئیحساسات بین‌و ئیحتیات لەدەست بدەین. بەڵام خەڵکەکەمان سازمان بدەین‌و نەیەڵین ئەو ئامادەیی‌یە یان بە فیڕۆ بچێ یان مونحەریف بێ بە لایەکی دیکە دا.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان شتێکی کە هەتا ئێستا موشکیلی سەر رێگەی خەباتەکەمانە، پەرش‌و بڵاویی هێزە سیاسی‌یەکانە. وەك دەزانین لەگەڵ ئەوەی لە مێژە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی پلاتفۆرمێك لە گۆڕێ دایە، بەڵام هەتا ئێستا بە دەلایلی جۆراوجۆر ئەو پلاتفۆرمە لەژێر هەر ناوێکدا بێ، پێك نەهاتوە. نەك هەر ئێستا، پێم وایە لە مێژە ئەو زەروورەتە پەیدا بووە کە هێزە سیاسی‌یەکانی کورد لە ئێرانێ دا بە شتێك بگەن، بە رێککەوتنێك لەسەر هێندێك ئوسوولی موشتەرەك. ئەگەر بمهەوێ باس لە کۆسپەکانی سەر رێگەی ئەمە بکەم، دەتوانم بڵێم کۆسپی ئەساسیی سەر رێگای پێکهاتنی پلاتفۆرمێك رێککەوتن لەسەر پێوەندی‌یەکانی نێوان پلاتفۆرم بووە. دەنا هەرچەند رەنگە کەمێك موزایەدەمان لەسەر یەکتری کردبێ لەبارەی ئەوە کە شوعارەکانمان چ بن‌و ئێمە چمان دەوێ‌و ئەوی دیکە چی دەوێ، رێککەوتن لەسەر ئەو ئەسڵانە کە دەبێ پلاتفۆرمێکی کوردستانی بیانگرێتە پێش، زۆر ئاسان بووە. بەڵام لەسەر پێوەندی‌یەکە، لەسەر تەرکیبی رێبەریی ئەو پلاتفۆرمە هەمیشە ئیختلافمان هەبووە. یەکێك پێی وابووە هەموو دەبێ مافی وەك یەکیان هەبێ ئەگەر یەك نەفەر بێ‌و ئەگەر سەد نەفەر بێ، یەکێك پێی وابووە نەخێر دەبێ ئەوەی کە بەنەزەری خۆی جەمعییەتێکی زیاتری لە خەڵکی کوردستان لەگەڵە حەجمو نەقشی لە رێبەرایەتیی ئەو ئیئتیلافە دا کە پێك دێ زیاتر بێ. ئێستا پێمان وایە کە دەبێ هەموو لایەك لەخۆمان مایە دابنێین. سەعی بکەین هەموو لایەنێك لە پلاتفۆرمێکی وا دا بەشدار بێ‌و پرنسیپەکانیان قەبووڵ بێ، هیچ سازمانێك دوورەپەرێز نەهێڵینەوە.

لەوپێوەندی‌یەدا رەنگە باش بێ باسی کۆنە رەفیقەکانی خۆشمان بکەین. ئێمە پێمان وایە لە ئیئتیلافێك دا کە پێك دێ، هیچ مانعێك نابێ ببینین کە ئێمەو ئەوان لە ئیئتیلافێکی گەورەتر دا پێکەوە هاوکاری بکەین. ئەوان کەیفی خۆیانە شەرتی ئاوا دادەنێن یان دانانێن، بەڵام مادام ئەو شەرتە بە شتێکی نائوسوولی دەزانین بۆخۆشمان ئەو شەرتە نائوسوولی‌یە دانانێین. دەچینە جەبهەوە، پلاتفۆرمەوە، بەرەوە، هەقبەندی‌یەوە، هەر ناوێکی لەسەری دادەنرێ، با ئەوانیشی تێدا بن.

دریژەی هەیە

**دەبێ سەعی بکەین لەمەو دواش ئەو خەتە ئوسوولی‌یە کە گرتوومانەو رەنگە بەشێکی زۆری ئەو حورمەتەی خەڵك بۆ ئێمەی هەیە لەوەی‌ڕا بێ، خەتی بانگەواز بۆ ئاشتی، بۆ برایی، بۆ تەبایی، بۆ خۆ بەمەسئوول زانین بەرامبەر بە خوێنی رۆڵەکانی میللەتی کوردو ئابڕووو ئیعتیباری تێکۆشەرانی کورد، ئیدامە بدەین**

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## دیدار لەگەڵ بەرپرسێکی ئەمنێستی ئینتێر ناسیونالْ




رۆژی ٢٠٠٧/٤/١٩ بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بێلژیك خاتوو سارا موحەمەدی‌و بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی بێلژیك کاك کاوە ئاهەنگەری دیدارێکیان لەگەڵ "Emile Franck" کۆردیناتۆری وڵاتانی کەنداوی فارس‌و باکووری ئەفریقای "Amnesty International" لە وڵاتی بێلژیك، پێك هێنا. لەو دیدارەدا کۆمەڵێك بابەت سەبارەت بە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بە گشتی‌و کوردستان بە تایبەتی، بارودۆخی زیندانیانی سیاسی‌و مەدەنیی کورد لە کوردستان، کێشەی رۆژهەڵاتی نێوەراست‌و رۆڵی ئورووپاو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و... هتدو زۆر بابەتی دیکە هاتنە ئاراوە.

شایانی باسە کە لە میانەی ئەم دانیشتنەدا لیستێك لە ناوی زیندانیانی سیاسی - مەدەنی‌و قوربانیانی کورد لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، پێشکەش بە ئێمیل فرانك کرا.

## کۆبوونەوەی هێزە سیاسی‌و مەدەنییەکانی کوردستانی‌یەکان بۆ پێکهێنانی کۆمیتەیەکی هاریکاری لە نێوانیاندا

تۆرێنتۆ ـ کانادا: رێکەوتی ٢٠٠٧/٠٤/١٥ لە سەر بانگهێشتی پێشوو، هێزە سیاسی‌و مەدەنییەکان‌و چەند کەسایەتییەکی کوردی دانیشتووی رۆژهەڵاتی کانادا، بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمیتەیەکی هاریکاری لە نێوان هێزە کوردییەکان لە شاری تۆرێنتۆ لە "ماڵی کورد ـ تۆرێنتۆ" کۆبوونەوەیەك پێك هات.

ئەم لێك نزیك بوونەوەیە ئاکامی هەست پێکردنی لەمێژینەی هەموو ئەو لایەنانە بوو، بە ئامانجی هاوکاری لە بەڕێوە بردنی رۆژە نەتەوەییەکان‌و ئارمانجە هاوبەشەکاندا.

شاراوە نیە کە بە لەبەر چاوگرتنی دۆزی کورد لە هەڵومەرجی ئێستا دا، هاوکارییەکی بنەرەتی‌و پتەوی نەتەوەیی، لە نێوان هەموو پێکهاتەو تاکی کورد بە پێویستی‌یەکی گرینگ‌و هەنووکەیی دەزانرێ. ئەم کۆبوونەوەیە لەسەر هەست کردن بەم پێداویستی‌یە پێك هات. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا کۆمیتەیەکی کاتی ٩ کەسی دیاری کرا.

## چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێڤا بیۆرلینگ ئەندامی پارلمانی سۆئێدو ئەندامی کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوە

رۆژی ٢٠٠٧/٠٤/١٢ کاك عەزیز سەید نژادیان بەرپرسی پەیوەندی‌یەکانی دەرەوەی کۆمیتەی حیزب لە سۆئێد چاوی بە خاتوو ئێڤا بیۆرلینگ ئەندامی پارلمانی سۆئێد لە حیزبی مۆدێرات و هەروەها ئەندامی کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوە کەوت.

لەم دانیشتنەدا لەتبوونی حیزبی دێموکرات، هێڵە گشتییەکانی رێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و پێوەندیی دوو لایەنە خرانە بەرباس‌و هێندێك پێشنیار خرایە بەردەم نوێنەری حیزبی مۆدێرات.

## دیدار لەگەڵ بزووتنەوەی دێموکراتیکی یارسان

رۆژی ٢٠٠٧/٠٤/١٤ هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات کوردستان لە ئۆتریش پێکهاتوو لە هاوڕێیان: خدری هەمزە نژاد بەرپەرسی کۆمیتە، دوکتۆر عەلی مازوچی ئەندامی راوێژکاری کۆمیتە، بەهاری عەبدوللا پوور ئەندامی حیزب‌و رەحمان ئەمینی ئەندامی کۆمیتەو محەمەدی فەقێ عەلی ئەندامی کۆمیتە هەروەها بە بەشداریی چەند کەس لە لایەنگرانی حیزب لەگەڵ دوکتۆر فرود حەیدەری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بزووتنەوەی دێموکراتیکی یارسان کۆبووە. شایانی باسە ئەم بزوتنەوەیە لەم دواییانەدا لە وڵاتی نۆروێژ بە گرتنی کۆنگرەیەك دەست بەکار بوونی خۆی بەرەسمی راگەیاند.

لەم دانیشتنە دا بارودۆخی کوردە یارسانییەکان، رۆژهەڵاتی کوردستان، هاوکاریی هێزە سیاسییەکان‌و هەرەشەکانی تورکیە لە باشووری کوردستان خرانە بەرباس.

## سەردانی کۆمەڵەی کورد لە نیوزلەند لە کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان



رۆژی ١٣ی ئاوریل هەیئەتێکی کۆمەڵەی کورد لە نیوزلەند پێکهاتوو لە بەڕێزان: پەری جەمال حەسەن‌و بێهروز دەروێشی، سەردانی کومیتەی‌حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لەم وڵاتە کرد. لەم دیدارەدا

هەیئەتی ناوبراو لە دانیشتنێکدا لەگەڵ کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتە. کاروبارە کولتووری‌و کۆمەڵایەتییەکان لە شاری ئۆکلاند، سیاسەتی کولتووریی حیزب، چۆنیەتی ناساندنی داب‌و نەریت‌و کولتووری نەتەوەکەمان بە خەڵکی بێگانە، لەتبوونی رێزەکانی حیزب‌و کۆمەڵێك باسی دیکەیان خستە بەرباس‌و تاوتوێیان کردن.

٩ ←

کوردستان
ژماره ٤٦٠ ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٧

# ڕوانینی ژنانی دیموکرات له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات بۆ کێشه‌کانیان

## ( به‌شی دووهه‌م‌و کۆتایی )

**●حیزبی دێموکراتی کوردستان له‌ "هێڵه‌ گشتی‌یه‌کان ڕێبازی ئێمه‌"له‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ژنان دا ڕه‌خنه‌ی له‌ ڕابردووی خۆی گرتووه‌و، به‌رعۆده‌ بووه‌ بوارو میکانیزمی گونجاو بۆ چاره‌سه‌ری که‌موکوڕییه‌کانی خۆی له‌و بواره‌دا پێك بێنێ. له‌ ڕوانگه‌ی ئێوه‌وه‌ مه‌به‌ست له‌و بوارو میکانیزمه‌ گونجاوه‌ ده‌توانێ چی بێ؟**

**گوڵاڵه‌ شه‌ره‌فکه‌ندی:**

به‌ کورتی ده‌توانم بڵێم:

— پێداچوونه‌وه‌ی پێڕه‌و پرۆگرام، گۆڕینی دیسکۆرس له‌ حاڵه‌تی پیاوانه‌، دووباره‌ نووسینه‌وه‌ی ئه‌و به‌شانه‌ له‌ زمانی ژنان ڕا.

- دابین کردنی ده‌رسه‌دی کارو به‌رپرسایه‌تی بۆ به‌شداریی ژنان.

— پێکهێنانی فرسه‌ت بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕای ژنانی نێو حیزب له‌گه‌ڵ ڕێکخراوه‌کانی‌تر.



گوڵاڵه‌ شه‌ره‌فکه‌ندی

– به‌شداری کردنی ژنانی نێو حیزب له‌ سێمینارو کۆنفرانسه‌کانی ژووره‌وه‌و ده‌ره‌وه‌ی وڵات.

- دانانی کۆرسی مودیرییه‌ت یا کاروباری سیاسی بۆ ژنان.

— فێر کردنی زبانێکی نێونه‌ته‌وه‌یی بۆ ژنانی نێو حیزب واته‌ زمانی سیاسی.

- دانانی کۆرس سه‌باره‌ت به‌ مافی یه‌کسان بۆ ژنان‌و پیاوانی نێو حیزب.

**زیبا سه‌رووه‌ری:**

به‌ بڕوای من ده‌بێ هێندێك واقیعبین بین. پێم وایه‌ گۆڕانکاریی‌و ڕێفۆرم ته‌نیا به‌ دروشم جێبه‌جێ نابێت‌و کارو کاتێکی زۆری پێویسته‌. ئه‌گه‌ر به‌ دروشم‌و پێهه‌ڵاگوتن بێ، حیزبی دێموکرات هه‌ر وه‌ك هه‌موو ڕێکخراوه‌ سیاسییه‌ کوردییه‌کان باسی مافی یه‌کسانی ژن‌و پیاو ده‌کات، به‌ڵام دوای ٦١ ساڵ خه‌بات ده‌بینین که‌ به‌ کرده‌وه‌ شتێکی ئه‌وتۆ نه‌کراوه‌. پێش هه‌موو شتێك ده‌بێ تیشك بخه‌ینه‌ سه‌ر شێوه‌ی خه‌باتی یه‌کیه‌تیی ژنان. به‌ بڕوای من یه‌کیه‌تیی ژنان وه‌ك ڕێکخراوێکی ئیزۆله‌و دوور له‌ حیزب ناتوانێ ده‌وری پێویستی هه‌بێ له‌ چالاك کردنی ژنان له‌ نێو حیزبی دێموکراتدا. یه‌کیه‌تیی ژنان وه‌ك ڕێکخراوێکی سینفی چاوی لێ کراوه‌و ئه‌و ژنانه‌ی له‌وێدا چالاکییان هه‌بووه‌ خراونه‌ته‌ په‌راوێزه‌وه‌. ئێمه‌ ئه‌گه‌ر بمانهه‌وێ ده‌وری ژنان له‌ نێو حیزبدا زیاتر بێ، ده‌بێ له‌گه‌ڵ پیاوانی نێو حیزب دیالۆگمان هه‌بێ، نه‌ك سه‌رقاڵی ڕێکخراوه‌یه‌کی سینفی بین. من پێم وایه‌ ده‌بێ مێتۆدی کارمان بگۆڕین، چونکه‌ له‌ مێتۆدی ٦١ساڵه‌مان سه‌رکه‌وتنی ئه‌وتۆمان وه‌ده‌ست نه‌هێناوه‌. زۆر جار له‌ نێو حیزبدا لێهاتوویی ژن هاتۆته‌ ژێر پرسیارو ده‌گوترێ که‌ ژنی لێهاتوو نیه‌ که‌ بتوانێ له‌ ڕێبه‌ریی حیزبدا بێت. من خۆم له‌و باوه‌ڕه‌دا نیم که‌ ته‌نیا به‌ هۆی نه‌بوونی ژنی لێهاتوو، ژن له‌ ڕێبه‌ری حیزبدا نه‌بووه‌، به‌ڵکو پێم وایه‌ بێ بڕوایی به‌ مه‌سه‌له‌ی ژن‌و به‌رچاوته‌نگیی پیاوان به‌ نێسبه‌ت ڕۆڵی ژن هۆیه‌کی سه‌ره‌کییه‌. ئه‌گه‌ر به‌ هۆی ئه‌وه‌ بێ که‌ ژنی لێهاتوو نه‌بووه‌ ئه‌وده‌م ده‌بێ ڕه‌خنه‌ له‌ حیزب بگرین. حیزبێکی سیاسی به‌ ٦١ساڵ خه‌باته‌وه‌ بۆچی کاری بۆ نه‌کردوه‌؟

دیالۆگ له‌گه‌ڵ پیاوه‌کانی نێو حیزب‌و هه‌روه‌ها ڕێگا خۆش کردن بۆ ژنان که‌ ده‌وری ڕێبه‌رییان هه‌بێ، زۆر پێویسته‌و ده‌بێ کاری بۆ بکرێ. به‌ڵام، ئه‌وه‌مان له‌ بیر نه‌چێ که‌ کاری سه‌ره‌کی ده‌بێ بۆ په‌روه‌رده‌و باره‌ێنان بکرێ. په‌روه‌رده‌ کردنی پیاوان، ژنان‌و لاوانی نێو حیزب زۆر گرینگه‌. ژاپۆنی نه‌قڵێکی باشیان له‌سه‌ر په‌روه‌رده‌ هه‌یه‌و ده‌ڵێن "ئه‌گه‌ر ماسی بده‌ی به‌ که‌سێك، جه‌مێك تێر ده‌بێ، به‌ڵام، ئه‌گه‌ر فێری ماسی گرتنی که‌ی له‌ ته‌واوی ژیاندا تێر ده‌بێ".

**کوێستان گادانی:**

جێی خۆشحاڵی‌یه‌ که‌ حیزب له‌م ڕوانگه‌یه‌وه‌ ڕه‌خنه‌ی له‌ خۆ گرتووه‌و پێموایه‌ ئه‌مه‌ خۆی هه‌نگاوێکی زۆر سه‌ره‌کی‌یه‌ بۆ دۆزینه‌وه‌ی مکانیزمێك به‌ تایبه‌ت گونجاویش بێت. به‌ له‌ به‌ر چاو گرتنی ئه‌مه‌ ده‌بێ ئێمه‌ کۆنگره‌ی داهاتوو زۆرتر ته‌یار بکه‌ین به‌ تایبه‌ت له‌ بابه‌ت پرسی ژنانه‌وه‌. پێشنیار ده‌که‌م له‌ کۆنگره‌ی داهاتوودا ڕێژه‌یه‌کی گونجاو بۆ به‌شداریی ژنان له‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی حیزبدا دیاری بکرێ. ئه‌مه‌ ده‌توانێ مکانیزمێك بێت بۆ زۆرتر به‌شدار بوونی ژنان له‌ به‌رپرسایه‌تیی گه‌وره‌تردا. دیاره‌ ئه‌مه‌ له‌ چه‌ند وڵات پێشتر تاقی کراوه‌ته‌وه‌و ئه‌زموونی باشمان به‌ده‌سته‌وه‌ ده‌دات. بۆ به‌ ئه‌نجام گه‌یاندنی ئه‌م ئه‌رکه‌ که‌ دیاره‌ زۆر زه‌حمه‌تیش نیه‌، ده‌بێ لیژنه‌یه‌کی تایبه‌ت به‌ر له‌ کۆنگره‌ دیاری بکرێ‌و کاری ئه‌و



شوعله‌ قادری

لیژنه‌یه‌ ده‌بێته‌ دۆزینه‌وه‌ یان په‌یدا کردنی ئه‌و ژنانه‌ی که‌ لێزان‌و پسپۆڕن یان زۆر هه‌ڵسووڕن‌و ده‌توانن به‌رپرسایه‌تی وه‌ئه‌ستۆ بگرن. دواتر له‌ لایه‌ن ئه‌م لیژنه‌یه‌وه‌ به‌ کۆنگره‌ بناسێندرێن‌و ده‌نگ بهێننه‌وه‌. ئه‌مه‌ ده‌توانێ مکانیزمێکی گونجاو بێت. هه‌ڵبه‌ت ده‌بێ ئیشاره‌ به‌وه‌ش بکه‌م که‌ به‌و جۆره‌ی که‌ ده‌شگوترێ ڕاده‌ی ژنان له‌م باره‌وه‌ له‌ نێو حیزب دا که‌م نیه‌.

**کوێستان بابایی:**

ده‌کرێ زۆر شت بێ، بۆ نموونه‌ وه‌به‌رگوێمان که‌وتووه‌و خوێندوشمانه‌ته‌وه‌ که‌ بۆ به‌شدار کردنی ژنان له‌ به‌ڕێوه‌بردنی حیزبدا نیسبه‌تێك دیاری ده‌کرێ. دیاره‌ ئه‌مه‌ بۆ خۆی خراپ نیه‌، به‌ڵام ده‌بێ ڕوون بێ میعیاره‌کان بۆ ئه‌م نیسبه‌ته‌ کامانه‌ن؟ ئه‌و نیسبه‌ته‌ بۆ خۆی چه‌نده‌؟ ناڵێم به‌ جارێك لانیکه‌م ده‌بێ ئه‌گه‌ر نیوه‌ی ئه‌ندامانی کۆمیته‌ی ناوه‌ندییش ژن نه‌بن نابێ زۆر که‌متر له‌ نیوه‌ بن (با ئه‌مه‌ ئامانج بێ بۆ ١٢ ساڵی داهاتوو)، له‌ وه‌ڵامی یه‌کێك له‌ پرسیاره‌کاندا ئاماژه‌م پێکردوه‌ ژنی به‌تواناو کارله‌ده‌ستهاتوومان زۆرن، به‌ڵام مه‌جالی خۆ ده‌رخستن‌و خۆ نیشاندان که‌م بووه‌، یان هیوایان که‌متر به‌ بوونی ئه‌و ده‌رفه‌ته‌ هه‌بووه‌ که‌ بتوانن کاری تێدا بکه‌ن. لێره‌ له‌ سوئێد بۆ به‌شداری له‌ کۆنگره‌ی ١٣دا ٢ ژن خۆیان کاندیدا کرد هیچ کامیان ئه‌وه‌نده‌یان ده‌نگ نه‌درایه‌ که‌ بێنه‌وه‌ له‌ کۆنگره‌دا به‌شدار بن. ده‌بێ بیر له‌وه‌ بکرێته‌وه‌ بۆ وابوو؟ چۆن جارێکی دیکه‌ش وانابێ؟ به‌ بڕوای من له‌ نێو نوێنه‌رانی هه‌ڵبژێردراو بۆ کۆنگره‌دا ده‌بێ نیسیه‌تی ژنان‌و پیاوان دیاری بکرێ. بۆ نموونه‌ ئه‌گه‌ر له‌ وڵاتی سوئێد قه‌راره‌ ١٠ نوێنه‌ر له‌ کۆنگره‌ی ١٤دا به‌شداری بکه‌ن، لانیکه‌م ده‌بێ ژماره‌ی ژنان له‌ ٥ که‌س که‌متر نه‌بێ (بۆ وڵاته‌کانی دیکه‌و له‌ ئۆرگانه‌ جۆراوجۆره‌کانی حیزبیش دا ده‌کرێ سود له‌م شێوه‌یه‌ وه‌ربگیرێ). با ئه‌و داوایه‌ له‌ ئه‌ندامانی کۆنفرانسه‌کان بکرێ ده‌نگ بده‌ن به‌ ژنه‌کان (ژنانی به‌ توانا)، ئه‌و ده‌م ده‌توانین ده‌نگی ژنان له‌ کۆنگره‌دا ببیسین‌و شوێن په‌نجه‌ی ئه‌وان به‌ بڕیاره‌کانه‌وه‌ ببینین. ئه‌و کات ده‌توانین هیوادار بین که‌ ژنانیش له‌ به‌ڕێوه‌بردنی حیزبدا خاوه‌ن ڕۆڵ‌و کاریگه‌ریین‌و چیدیکه‌ دیکۆر نین.

دیاره‌ ئه‌وه‌ بۆ خۆی ڕه‌نگه‌ جیاوازی دانانێك بێ به‌ قازانجی ژنان، به‌ڵام له‌ ڕاستیدا به‌ قازانجی حیزبه‌. ڕه‌نگه‌ له‌ دوو کۆنگره‌ی داهاتوودا پێویستمان به‌و شێوه‌ کاره‌ هه‌بێ، پاشتر بۆخۆی ده‌بێته‌ ڕه‌واڵ‌و به‌ شێوه‌ی ئاسایی خۆی به‌ڕێوه‌ده‌چێ. ژنانیش زیاتر خۆیان ماندوو ده‌که‌ن‌و خۆیان پێده‌گه‌یه‌نن بۆ ئه‌وه‌ی شیاوی وه‌رگرتنی ئه‌رکه‌کان‌و ڕاپه‌ڕاندنیان بن.

**شوعله‌ قادری:**

له‌ ڕوانگه‌ی منه‌وه‌ پێویسته‌ حیزبی ئێمه‌ له‌ چه‌ند لاوه‌ له‌ ڕابردوو چالاکتر بێ. به‌ر له‌ هه‌موو شتێك ده‌بێ ته‌شکیلاتی حیزب به‌ شێوه‌یه‌کی سه‌رده‌میانه‌ ڕێك بخرێته‌وه‌ که‌ ژنانیش له‌ وێدا ڕۆڵێکی ئه‌ساسی‌و چالاکیان پێبسپێردرێ. ئه‌گه‌ر مکانیزمی گونجاو بۆ به‌شداریی ژنان له‌ ئۆرگانیزمی حیزبی دا ڕه‌چاو کرێ. ژنان زیاتر هه‌ست به‌ بوونی خۆیان وه‌ك که‌سایه‌تی ده‌که‌ن.

ده‌بێ هه‌م به‌ تیئۆری‌و هه‌م به‌ کرده‌وه‌ بوار بۆ یه‌کسانیی ژن‌و پیاو له‌ حیزبدا بڕه‌خسێ‌و تێڕوانینه‌کان به‌ شێوه‌یه‌کی ئیجابی ئاڵوگۆڕیان به‌سه‌ر دابێ که‌ له‌ به‌رژه‌وه‌ندی ژنان دابێ.

**● له‌ مێژ ساڵه‌ یه‌کیه‌تیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، له‌ ده‌ره‌وه‌ی کوردستان ( له‌ وڵاتانی ئورووپاش) تێکۆشانی هه‌یه‌ کاری ئه‌م یه‌کیه‌تی‌یه‌ له‌ وڵاتانی خۆتان چۆن هه‌ڵ ده‌سه‌نگێنن‌و پێشنیارتان بۆ باشتر بوونی کاره‌کانی چیه‌؟**

**زیبا سه‌رووه‌ری :**

به‌بڕوای من یه‌کیه‌تیی ژنان زۆر کزو لاوازه‌و ئێستاش دیار نیه‌ چ ڕۆڵێکی هه‌یه‌. ڕێکخراوێکی سیاسی‌یه‌ یان سینفی؟ سه‌ر به‌ حیزبه‌ یان سه‌ربه‌خۆیه‌؟ باشه‌ ڕێکخراوێك که‌ له‌ سه‌ر زۆر بابه‌تی سیاسی بۆچوونی هه‌یه‌و له‌سه‌ر حیزبێکی سیاسی ئاگاداری‌و په‌یام ده‌دا، چۆن ده‌توانێ سینفی بێت؟ ئه‌گه‌ر سیاسییه‌ بۆ له‌ په‌راوێز خراوه‌و هێزو توانای خۆی بۆ کاری نێو ته‌شکیلاته‌کانی حیزب ته‌رخان نه‌کردوه‌؟

**کوێستان گادانی:**

دیاره‌ یه‌کیه‌تیی ژنان به‌ هۆی ئه‌وه‌ که‌ ئۆرگانێکی سه‌ربه‌خۆ نه‌بووه‌و زۆرتر له‌ ژێر ته‌ئسیری سیاسیی کومیته‌کانی حیزبی‌دا بووه‌، نه‌یتوانیوه‌ چالاکی‌یه‌کی به‌رچاوی هه‌بێت. ڕه‌نگه‌ بوونی یه‌کیه‌تیی ژنان له‌ نێوخۆی



زیبا سه‌رووه‌ری

کوردستان دا، گرنگی‌یه‌کی زۆرتری هه‌بێ‌و ژنان به‌له‌به‌ر چاو گرتنی ئه‌م که‌م‌و کوڕی‌یه‌ کۆمه‌ڵایه‌تی‌یانه‌ی که‌ له‌ نێو کۆمه‌ڵگای کورده‌واری‌دا پێشی چالاك بوونی ژنان ده‌گرێ، بتوانن له‌م ده‌رفه‌ته‌ که‌ڵك وه‌رگرن‌و ببێته‌ سه‌ره‌تایه‌ك بۆ ئاکتیو بوونیان. جا پرسیار ئه‌وه‌یه‌ که‌ ئایا ئه‌م پێویستی‌یه‌ له‌ ئورووپاش هه‌ست پێده‌کرێ؟ یان وه‌ك فۆرمالیته‌ چاوی لێده‌کرێ‌و چونکه‌ پێشتر هه‌بووه‌ ده‌بێ هه‌ر هه‌بێ؟ پێشنیاریشم ئه‌وه‌یه‌ که‌ ئه‌گه‌ر قه‌راره‌ یه‌کیه‌تیی ژنان هه‌بێ، ده‌بێ ئه‌و ئۆرگانه‌ سه‌ربه‌خۆیی‌یه‌کی ته‌واوی هه‌بێ، لانیکه‌م له‌سه‌ر پرسی تایبه‌ت به‌ خۆیان واته‌ ژنان. ده‌نا ئه‌گه‌ر قه‌راره‌ له‌ سه‌ر هه‌موو کارێك بڕیاری بۆ بده‌ن‌و ئه‌وانیش بۆ هه‌موو کارێك هه‌ر ئیجازه‌ وه‌رگرن هه‌ر ئه‌وه‌ ده‌بێ که‌ تاکوو ئێستا بووه‌. دیاره‌ به‌ ڕای من بوونی یه‌کیه‌تی‌یه‌کی له‌م چه‌شنه‌ ڕه‌نگه‌ زه‌ره‌ری هه‌بێت که‌ کۆمه‌ڵگای کورده‌واری بکاته‌ دوو جه‌مسه‌ری واته‌ ژنان له‌ لایه‌ك‌و پیاوان به‌ جودا.

**کوێستان بابایی:**

یه‌کیه‌تیی ژنان له‌ وڵاتی سوئێد جاری وایه‌ به‌ ناو هه‌یه‌و جاری واشه‌ به‌ کرده‌وه‌ شتێکی لێ ده‌بینرێ، له‌وه‌ی که‌ ده‌بێ ببێ زۆر لاوازتره‌. ڕه‌نگه‌ خه‌تای زۆری ئه‌و مه‌سه‌له‌یه‌ له‌ به‌ڕێوه‌به‌رانی ئه‌و یه‌کیه‌تی‌یه‌ بێ. ده‌کرێ یه‌کیه‌تیی ژنان چالاکتر بێ، بێگومان ئه‌گه‌ر چالاکانی ئه‌و بواره‌ قۆڵی هیممه‌تی لێ هه‌ڵماڵن‌و کارو تێکۆشانی خۆیان ده‌ست پێبکه‌ن، لێره‌ مه‌یدان بۆ تێکۆشانی ژنان‌و لاوان زۆر له‌باره‌، به‌تایبه‌تیی ژنان. له‌ زۆر پیاوانم بیستوه‌ که‌ ده‌ڵێن ئێره‌ وڵاتی ژنانه‌، ڕاست ده‌که‌ن.

**شوعله‌ قادری:**

له‌ باره‌ی کاری یه‌کیه‌تیی ژنانی دێموکرات له‌ وڵاتی سوئێد به‌ ڕاشکاوی بڵێم که‌ یه‌کیه‌تییه‌که‌مان کارێکی ئه‌وتۆی نه‌کردوه‌ که‌ زۆر جێی باس بێ. ده‌لیله‌که‌شی هه‌ر ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ سه‌ر هه‌ڵسوکه‌وتی حیزبیمان. چونکه‌ ئه‌ندامانی یه‌کیه‌تییه‌که‌ی ئێمه‌ هه‌ر هه‌مان ژنه‌ کورده‌کان‌و هاوسه‌ری پیاوه‌ حیزبیه‌کانن که‌ له‌ ڕاستی دا بڕوایان به‌ یه‌کسانیی ژن‌و پیاو نه‌بووه‌.

جا لێره‌ من ده‌مهه‌وێ پێشنیارێك بکه‌م که‌ پێم وایه‌ بۆچوونه‌ پێشی باشتری کاره‌کان جالب بێ.

له‌ هه‌موو ئه‌و ده‌ره‌تانانه‌ی که‌ کۆمه‌ڵگای پێشکه‌وتووی ئورووپا ڕه‌خساندویه‌تی بۆ به‌ره‌وپێشچوونی کۆمه‌ڵگا که‌ڵك وه‌ربگیرێ‌و تێکهه‌ڵکێشێك بکرێ له‌ بواره‌ ئیجابییه‌کانی کولتووری بیانی‌و خۆماڵی، که‌ بتوانێ ژنی کورد چالاکتر بکا له‌ بواره‌ جۆراوجۆره‌کانی کۆمه‌ڵگادا.

**گوڵاڵه‌ شه‌ره‌فکه‌ندی:**

من به‌ داخه‌وه‌ ئه‌و فرسه‌ته‌م نه‌بووه‌ له‌ نزیکه‌وه‌ نێو ڕیزه‌کانی حیزب له‌ کوردستاندا ببینم، ته‌واوی ئه‌و خاڵانه‌ی باسم کردوون به‌پێی ته‌جروبه‌کانم له‌ کارکردن له‌گه‌ڵ یه‌کیه‌تیی ژنان له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵاتن. بۆیه‌ پێموایه‌ گرفته‌کان له‌ نێو خۆو ده‌ره‌وه‌ی وڵات یه‌کن. نه‌و ژه‌ن کردنه‌وه‌ی زانیاریی ئه‌و ڕێکخراوه‌ له‌ پێکهێنانی پێوه‌ندی له‌ نێوان ئه‌وان‌و دانیشتووانی وڵات دا، ده‌توانێ نه‌خشێکی به‌رچاوی هه‌بێ‌و ده‌بێته‌ هۆی ئه‌کتیڤ کردن‌و زیندوو کردنه‌وی ئه‌و ڕێکخراوانه‌.

**● ژنانێك له‌ کوردستان که‌ خۆیان له‌ تێکۆشه‌رانی حیزبی دێموکراتن، پێیان وایه‌ له‌نێو حیزبدا ده‌رفه‌تی وه‌ك یه‌ك بۆ پیاوان‌و ژنان نیه‌. ئایا له‌ ئورووپاش له‌ نێو ڕێکخراوو کومیته‌کانی حیزبدا، ده‌رفه‌تی وه‌ك یه‌ك بۆ ژن‌و پیاو نیه‌؟**

**کوێستان گادانی:**

بێشك ئه‌م درفه‌ته‌ بۆ ژنان له‌ ئورووپا زۆرتره‌، به‌ڵام لێره‌ش یه‌کسان نیه‌. بۆیه‌ من پێشنیارم کرد که‌ لیژنه‌یه‌کی تایبه‌ت به‌ ژنان دیاری بکرێ که‌ کاری ته‌نیا دۆزینه‌وه‌ی ژنانی لێهاتوو بێت. ئه‌م کاره‌ نه‌ ته‌نیا بۆ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی گشتیی حیزب پێویسته‌ به‌ڵکوو به‌ ڕای من ده‌بێ بۆ هه‌موو ئۆرگانه‌کان‌و ڕێکخراوه‌کان یان کومیته‌کانی حیزبی له‌ هه‌موو شوێنێك ئه‌م کاره‌ به‌ڕێوه‌ بچێت.


**شوعله‌ قادری:**

پێم خۆشه‌ زۆر سه‌ریح بڵێم که‌ تا چه‌ند مانگ له‌مه‌وبه‌ر، ده‌رفه‌تی وه‌ك یه‌ك بۆ ژن‌و پیاو له‌ ئورووپاش نه‌بوو. چۆن له‌ کوردستان ژن له‌ په‌راوێز خرابوو که‌ گۆیا ژن خاوه‌نی زانستی سیاسیی پێویست بۆ

بۆ لاپه‌ڕی١١

بڕووخێ ڕێژیمی کۆنه‌په‌رستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵ وەرین


### عومەر رەحمانی

" کاتێك لەگەڵ هاواڵە بێ دەستو لاقەکانی دیکەی پێی نایە وڵاتی سوئێد، لە دوو دەستان هەشت قامكو لە دوو چاوان چاوێکی نەبوو. ئەوە قەڵافەتی شێرانەی پێشمەرگەیەك بوو کە بە ناچاریو نەك بە دڵخوازی خۆی لە کاروانی لەشکری رزگاریدەری کوردستان هەڵ بڕابوو. ئەو پەیکەرێکی بریندار بوو کە نیشانەی شۆڕشێکی خوێناویی پێوە دیار بوو. ئەو کۆڵێك دەردو ژانو ئازار بوو کە ماڵوێرانیو رۆژرەشیی گەلێکی بندەستی لە ئاوێنەی بەژنو باڵا هەڵپرووکاوەکەیدا دیار بوو. ئەو کۆتری ئاشتیو ئازادیی گەلێك بوو کە ئاگری شەڕی داسەپێندراو لەلایەن دوژمنانی کوردستانەوە پەڕوباڵی هەڵ وەراندبوو. ئەو خۆشەویستی هەموومان، هاوڕێ عومەر بۆکانی بوو" .(١)

سەرەتای زستانی ١٣٦٣، لە یەکەم ئاشنایەتیم لەگەڵ شەهید سەدیق فیروزیدا کە لە مەریوانەوە بۆ بەشداری لە دەورەی بەرزی سیاسیی کادردا هاتبووە فێرگەی سیاسیی ـ نیزامیی حیزب لە"گەلاڵە"، هەواڵی کاك عومەر رەحمانیم لێپرسی. گوتی جا تۆ لەکوێ ئەیناسی؟ گوتم چۆن لە کوێ دەیناسم، هاوشاریمە، خەڵکی شنۆیە! گوتی:" سەیرە! خەڵکی شنۆیەو عومەر بۆکانیی پێئەڵێنو لە مەریوان خزمەت ئەکا؟!" ئەگەر ئەم چەند وشەیەش بخەینە سەر ئەم رستەیەی شەهید سەدیق فیروزی کە لە هەوارەکانی مەرگەوەڕ چاوێكو هەشت قامکی لە دەست داو لە سوئێد کۆتایی بە ژیانی هات "، پتر ژیانی شۆڕشگێڕانەی ئەم ئینسانە سەرنجمان رادەکێشێ.

پۆلی ٣ی سەرەتاییم دەخوێند کە بۆ یەکەم جار دیتم . بۆ شەونشینی لەگەڵ هاومەنزڵە لە خۆم بەتەمەنترەکانم چوو بووینە لای دەستەیەك قوتابیی خەڵکی ئاڵیاوێی زەرزایان کە لە ماڵێکی نزیك دەبیرستانی "پوراندوخت" ژوورێکیان بە کرێ گرتبوو. عومەریش ئەو شەوە هاتە ئەوێ. زۆر چاکم لە بیرە داستانێکی درێژی بەناوی "شازدە قاسمو عەرەبی جەنگی"ی بۆ گوتین. کاتێك لە گەڕانەوەدا، سەرسام بوونی خۆم لە گفتولفتو توانای چیرۆك گێڕانەوەی دەربڕی، هێندێك شتی دیکەیان لە پەسنیدا گوت. یەك لەوان ئەوە بوو کە لە دەبیرستان، لە سەر کلاسی دەرس ئینشایەکی خۆی لە بارەی دایکەوە خوێندۆتەوەو مامۆستاو هاوپۆلەکانی یەکڕا هێناوەتە گریان. هەر ئەو کاتیش بوو کە زانیم کاتێك کۆنینەناسە بیانییەکان بۆ دانەوەو هەڵکۆڵینی "سێگردان"و شوێنەوارە مێژووییەکانی نێوان چەشمە گۆڵو حەسەن نووران هاتبوون، عومەر سەرەڕای تەمەنی کەمی هاوینان وەك وەرگێڕ کاری لەگەڵ دا کردوون. ئیدی لەو ساڵە بە دواوە نەم دیتەوە تا ١٠ ساڵ دواتر، لە"گەلاڵە" لە کۆنگرەی ٦ی حیزب دا چاوم پێی کەوتەوە.

عومەر رەحمانی ساڵی ١٣٣٤ لە ئاوایی "سەرگیز"ی ناوچەی شنۆ لە دایك ببوو. لە قۆناخی دەبیرستان دا بوو کە بنەماڵەکەیان باری کردو لە "رەحیم خان"ی بۆکان گیرسانەوە. ساڵی ١٣٥٧ بوو بە لایەنگری حیزبی دێموکراتو، دواتر وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی ئاڵەشینو هاوکاری بەشی چاپەمەنیی کومیتە شارستانی بۆکانو، ئەڵقەی پێوەندیی نێوان کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی تارانو تەشکیلاتی حیزب کاری دەکرد. دوای کۆنگرەی پێنجی حیزب چووە ناوچەی مەریوانو کارو بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لە کۆمیتەی شارستانی مەریوانو ناوەندی یەکی جنووبی کوردستان بەڕێوە برد.

پاش کۆنگرەی هەشتی حیزب لە سەر ویستی خۆی ناوچەکانی شیمالی کوردستانی بۆ تێکۆشان هەڵبژارد. هەر لەو ناوچەیە بوو کە بە هۆی تەقینەوەی "ضبط صوت"ێکی مینرێژکراو لە دەستی دا کە بەکرێگیراوێکی دەزگای جاسووسیی رێژیمی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی بۆی ناردبوو، بریندارو کەم ئەندام بوو. بەڵام هێشتا برینەکانی بەتەواوی ساڕێژ نەببوون کە ئەرکی بەرپرسایەتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی گرتەئەستۆ. ئەو پێشتریش ئۆگرییەکی تایبەتی بە نووسین هەبووو، هاوکاریی بڵاوکراوەکانی حیزبی دەکرد لەو ماوەیەش دا کە بەر پرسی یەکیەتیی لاوان بوو، لە تەنیا دوو قامکی ساغی دەستی بۆ نووسین کەڵکی وەردەگرت. زنجیرە وتاری"چەند زانیاری یەك لە سەر رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان" کە لە ژمارەکانی ٣٤، ٣٥و ٣٦ی دەوری یەکەمی گۆڤاری "لاوان"دا بڵاو بوونەوە، وەگێڕدراوی عومەری رەحمانیو یادگاری ساڵانی ١٣٦٨و١٣٦٩ی ئەو تێکۆشەرە بەوەجەن.

ساڵی ١٣٦٩ عومەری رەحمانیو کۆمەڵێکی دیکە لە هاوڕێیانی کەم ئەندام رەوانەی سۆئێد کران. لەوێش لە ئەندامەچالاکەکانی حیزب بوو. سەرەنجام رۆژی ١٣٧٠/٤/٢١ لە گەڵ هاوڕێ محەممەد بوستانی لە کارەساتی تەسادوفی ماشێن لە نزیك شاری "سالا" گیانیان لە دەست دا.

گوڵی تەمەنی عومەری رەحمانی لە ٢٦ساڵی دا هەڵپرووکا، بەڵام گوڵی جەستەی چەند ساڵ پێشتر هەڵ وەریبوو. نازانم نووسینو یادداشتەکانی ئەو شەهیدە لای چ کەسانێکن، بەڵام دڵنیام زۆرشتی جوانیان تێدایە کە حەیفە چاپو بڵاو نەبنەوە.

ئەم یادەم بە پاراگرافێك لە نووسینە جوانەکەی دۆستی دێرینو خۆشەویستم "ماکوان"لە بارەی شەهید عومەری رەحمانی دەست پێ کرد، هەر بە چەند دێرێکی دیکە لەو نووسینە کۆتایی پێ دێنم:

"هاورێم! تۆ رۆێشتیو نەگەڕایەوەو خاکی کوردستان نەبوو بە وچانگای هەمیشەیی لەشە زامارەکەت. بەڵام یادەکانت، وتەکانت وەك بەردەنووسەکانی ئەم سەردەمە دەرسو چیرۆکی نەبەزینو بەسەربەرزی ژیانمان بۆ دەگێڕنەوە. قەت لە بیرمان ناچیو لە دڵمان دای." (٢)

(١)و (٢) گۆڤاری"لاوان"، ژمارە ٤٤، وتاری "دڵێکی ناکام"، رێبەندانی ١٣٧٠


# سەگێ فریام دەکەوێ

شیعری /م . عەباس سالح ــ زانکۆی کۆیە/ بەشی کوردی

رۆدەچمەوە نێو باخاتی خەیاڵە خەستەکانم
لەوێوە بۆ ساتە ونەکان دەگەرێم
بۆ ئەو رۆژانەی زەرد هەڵگەڕان وەك پرچی پاییز
پەنا بۆ تۆ دەبەم ئەی دەنگی ئەزەلی
لە غەیبەوە هاتوو
بمبەرەوە بۆ ئەوێ لەوێ قومێ جوانی دەنۆشم
لەوێ یاقوتی هەنارو شیلەی ماچی
ترێ دەچێژم
قروسکەی تۆ گریانی خۆمم دەهێنێتەوە یاد
دە قروسکەت بێت تۆ تەنیایی لولی داویت
منیش هەروا !!
مەنوو...بنوی من لە یادگارەکان دەتەرێنی
مەنوو...بنوی هەناسە سوار دەبمو گەرووم
بەیەکدا دێو دوا هەناسەم قەتیس دەبێ
مەنوو تۆ خوا مەنوو! ئەم تەنیاییە سێدارەی
بۆ داخستووم
مەنوو بنوی ئەم هەموو غەدرە دەمکوژێ
غەدری بە درۆ هەڵژنان بە سیاسەتا
غەدری بە درۆ دڵداری لەگەڵ جوانیدا
غەدری دڵنیایی نەبوون لە خود...
مەنوو قروسکەت بێت بمبەرەوە بۆ ئەو خوارە
بۆ کەلاوە قورەکەی جارانم
بۆ سێبەری ژێر ئەو دار چنارە عاشقەی بڕیانەوە
بۆ ئەو ژێرخانەی بۆنی فێنکیو بۆنی بارانی
لێ نەدەبڕا
بمبەرەوە بۆ ئەوێ نەبا لە ژێر غەدری ئەم تەنیاییەدا بمرم
ئێرە بۆنی ماچی کچە دراوسێکەمانو بۆنی چێشتەکەی
دایکمو بۆڵە بۆڵی باوکمی لێ نایە
بمبەرەوە بۆ ژێر چۆڕاوگەی سەربانە نزمەکانی کانێساکان
بۆ نێو کولانەی توتکەکانم...
لێ گەڕابان شەوانە لە نێوانیاندا دەخەوتم
دەقروسکەت بێت ئەوانیش لە بێکەسی دا دەگریان
قروسکەت بێت ئەمشەو بە رۆحم ئاشنای
چ ئاوازێکی حەزین لە گەرووت هەڵدەستێ
هەلاوی زستانە ساردەکانی ئەوێم دێتەوە یاد
دەنگی بەسۆزی دایکمو گریانی خوشکەکانمو توڕە بووی
براکانم دێتەوە یاد
دە قروسکەت بێت دوورم خەرەوە لە کفەی خوێنو
مۆڕەی مەرگ




لە پەتی سێدارەی تەنیایی
* * *
دەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ...
فریام کەوە
ئێستا لە دوورەوە
مرخە مرخی تۆ
هەناسە بڕکێی تۆ
نووزە نووزی تۆ
دەمباتەوە بۆ ئەوێ
بۆلای گوڵێ
ئەو کچەی بەیانیان
روخساری بە شیعرەکانی
من دەشوت
ئێوارانیش سەری دەکردە
سەر سینگمو
هەناسەمی بۆ خۆی دەبرد
فریام کەوە فریا
ئێستا ئەویش وەك تۆ تەنیا
بۆ کۆلانەی رۆحێ دەگەڕێ
تیای ئارام بێت
ئێستا ئەویش تەنیا
بۆ من دەگەڕێ
منیش سەراسیمەو ماڵوێران
هەموو شتێکم لێ بزر بوو
ئەوو تەمەنو خۆشەویستی
دە قروسکەت بێت
ئەم تەنیاییە وڕی کردووم
با ئاوازێکی تر لە گەرووت هەستێ
ئەم دڵە ژەنگاوییەم پاك بکاتەوە
ئەم چاوە تەماوییەم گەش بکاتەوە
ئەوە چ ئاوازێکە تۆ دەی چڕی
لەم شەوە بێ دەنگەدا !!
نە مانگ تریفەی دێ
نە دەریا شەپۆل ئەدا
ئەی دەنگی ئەزەلی لە غیبەوە هاتوو
بمبەرەوە بۆ ئەوێ
لەوێ با دوا گەڵای تەمەن بوەرێ
دوا هەناسەش کۆتایی بێت




## بەرهەمی نوێ

لەم دواییانەدا رۆمانی خوازبێنی یا هەڵبژاردن لە نووسینی م. موئەدەب پوور وەرگێرانی وریا سالح زادە بۆ سەر زمانی کوردی کەوتە بەردەستی خۆێنەرانو هۆگرانی ئەدەبی کوردی.

ئەم بەرهەمە لە تویی ٢١٤ لاپەڕەداو لەسەر ئەرکی خانەی چاپو پەخشی رێنمای شاری سلێمانی چاپو بڵاو بۆتەوە.

ئەم رۆمانە بەسەرهاتێکی سۆزداریی سەرنج راکێشە کە تێیدا پرسە کۆمەڵایەتییەکان بە وێنایەکی جوانو خەمین رەنگ دەداتەوە.

# وتووێژێك لەگەڵ عەلی ئەشرەفی دەروێشیان



دیمانە: بێهنووش عامری

عەلی ئەشرەفی دەروێشیان سێهەم ڕۆژی خەرمانان ١٣٦٠ی هەتاوی لە شاری کرماشان لە دایك بوو. باوکی ئاسنگەریی دەکردو دایکیشی کاڵەی دەچنی. هەر لە منداڵییەوە دەگەڵ باوکی دەچوە ئاسنگەریو لە ئاسنگەرییەوە بوو بە میکانیكو دواتریش بوو بە بەننا. بەردی بناخەی هونەری نووسەریی، بەیەکەم ئینشاکانی دانا. لە کۆلێژی باڵای تاران دەرسی راوێژکاریو لە زانکۆی تاران دەروونناسیی پەروەردەی خوێندو تا پلەی ماجستێر (لیسانس) لە هەردوو بواردا چوە پێش. ماوەیەك لە ئاواییەکانی دەوروبەری کرماشان، گیلانی رۆژئاواو شائاباد مامۆستایەتیی کرد. ساڵی ١٣٤٨ یەکەم وتاری خۆی لەسەر سەمەدی بێهرەنگی بە فەرمی بڵاو کردەوە. بەرهەمە بڵاو کراوەکانی دەروێشیان بریتین لە: یادی سەمەدی بێهرەنگی، بیرەوەرییەکانی سەفەرخان، لەم نیشتمانە، زەل، چیرۆك بۆ منداڵان لە پێنج بەرگ دا، ساڵە هەورییەکان، چیرۆکەکانی خەڵکی ئێران و کایەو یارییەکانی ناوچەکانی کوردستان.

یەکەم پرسیاری عامیری ئاوا دەست پێدەکا:

پ: جەنابی دەروێشیان تکایە لەسەر ئەدەبیاتی ئێستای منداڵانی ئێران بۆمان بدوێ. بەڕای ئێوە ئێستا ئەدەبیاتی منداڵان لە چ بارودۆخێك دایە؟

و: ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەك بۆ ئەدەبیاتی ئەمرۆی منداڵان بکەین، بە سەرنج دان بەو رێژەو ئامارانەی کە بەرپرسان خۆیان دەیخەنە روو، ئەدەبیاتی منداڵانیشمان تووشی قەیران بوە. بە پێی ئامار، ٨٠ لە سەدی بەرهەمی ئەدەبیی ئێمە لە زمانی بیانیەوە وەرگێردراون. واتە ئەدەبیاتی ئێمە بە هۆی ناڵەباریی بارودۆخو هەلومەرجەکە، بەرهەم نایەو ناخولقێ، بۆ کاری داهێنەرانەی پێوەندیدار بە منداڵانەوە، نووسەر دەبێ بە ئازادی خەریکی موتالعەو خوێندنەوە بێ، زمانی بیانی بزانێ، ئاگای لە پێشکەوتووترین گۆڕانکارییەکانی جیهانی ئەدەبیات بێ. لە سایکۆلۆژیای منداڵ تێبگاو سەروکاری دەگەڵ منداڵان هەبێ. هەربۆیەش ئەگەر مامۆستاکان لە بواری ئەدەبی منداڵان دا کاربکەنو ئەم هەلومەرجو تایبەتمەندییانەی دیکەشیان هەبێ، ئێجگار کاریگەر دەبن.

پ: هۆگریی منداڵانی ئێمە بە کتێبو موتالا کردنی کتێب لە چاو ڕابردوو چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتوە؟

و: بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا منداڵانیان لە کتێب دابڕیوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بنەماڵەکان کتێبیان وەلاناوە. جاران ئەو بنەماڵەکان بوون کتێبیان بۆ منداڵەکان دەخوێندەوە. بابەتی ئینشاو کورت کردنەوەی کتێب بەشێك بوون لە چالاکیی منداڵان. ئێستا منداڵی ئێمە هەر لە سەرەتاییەوە بۆ( تاقیکاریی) کۆنکور ئامادە دەکرێن. تەنیا کتێبی دەرسی مێشکیانی بە خۆیەوە خەریك کردوە.

من پێم وایە لە پێشدا دەبێ حکومەتێك هەبێ کە برەو بدا بە کتێب خوێندنەوەو پاش ئەوەی بنەماڵەکان راهێنرانو نەسلێکی هۆگری کتێب پێك هات، (ئەوانە) کاریگەرییان هەبێ لەسەر منداڵانو خوێندنەوەی کتێب. هەموو شتێك لەسەر ئەوە شوێن دانەرن، جیهان، حکومەت، بنەماڵە، هاوڕێ، دیتنی فیلمێکی باش، شانۆ، پێشانگای شێوەکاریو لەم جۆرە شتانە. دەبێ هەلومەرجو دەرفەت گەلێك بۆ مرۆڤ برەخسێندرێ کە روانگەی هونەریو جوانیناسانەی ئەو لە هەموو بوارەکاندا گەشە بکا. ئێستا تیراژ (ژمارەی چاپی کتێب) ئێجگار لە خوارەێیەو سەرەڕای ئەوەش ماهوارەو ئینتێرنێت بوونەتە رەقیبێکی سەرسەختو کات ناهێڵنەوە بۆ خوێندنەوەو موتالا کردنی کتێب. هەروەها هیواو ئاواتی بنەماڵە ئەوەیە منداڵەکەیان لە کۆنکور دەرچێ.

پ: تۆ خۆت منداڵی جەرگەی کارکردن بوویو لە ناخەوە هەستت بە ژیانی منداڵانی کارەکەر کردوە، لە زۆربەی کتێبەکانت دا باست کردوون روانگەتان بۆ ئەوان چیە؟

و: من پێم وایە پشتیوانی کردن لە منداڵانی جەرگەی کار دەبێ بە شێوەی ناحکومی بکرێو سیاسەتێکی دیارو تایبەت جا چ چەپو چ راست بە سەریاندا نەسەپێ. دیارە منداڵان لە ٣ یا ٤ ساڵیەوە فامی هەموو شتێك دەکەن، بەڵام ئێمە نابێ بیروڕایەکی تایبەتیان بەسەردا بسەپێنین. ئێمە دەبێ لێگەڕێین منداڵان، منداڵیی خۆیان تێپەڕکەن. پێویستە بۆ منداڵانی جەرگەی کاریش کە خۆیان زەحمەتکێشن ناوەندو دامەزراوەی سەربەخۆ پێك بێنین. نابێ رێبازی تایبەتیان فێر بکرێ. هەڵبەت سەمەد بێهرەنگی وتەنی منداڵ دەبێ بزانێ چ ژانو ئازارێك لە ماڵێ دا هەیەو دەبێ لە ئەدەبیاتیش دا ئەم شتانەیان فێر بکرێ، ئەویش نەك بە شێوەی توندوتیژانە. لەبەر ئەوەیکە ژیان بەشی خۆی بۆ ئەوان توندوتیژیی تێدایە. کە لە کەرەی بەیانیەوە هەتا ئێواری مافیان پێشێل دەکرێ. کەواتە دەبێ ئەدەبیاتێکیان بۆ بخولقێنین کە خەمو خەفەتوماندوەتییان کەم بکاتەوەو لە هەمان کاتیش دا هەستی هاوەردی دەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەیان فێر بکەین.

پ: منداڵان لە بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئێمەدا چ پێگەیەکیان هەیە؟ ئایا لە ئێستادا نووسەری واهەن کە لەسەر ئەم چەمکانە کاریان کردبێ؟

و: بەڕای من هیچ کەسێك لە سەر ئەدەبیاتی تایبەت بە منداڵانی نێو جەرگەی کار، چالاکیەکی نەنواندوە. کەسێك نیە جیهانی منداڵان بناسێو لە مەڕ ئەوانەوە بنوسێ. لانی کەم من کەس شك نابەم.

پ: تۆ لە یەکێك لە وتووێژەکانی خۆتدا گوتبووت، کە ئینشا نووسین لە قوتابخانە، یەکێك بوە لەو هۆکارەکانەی کە هانی داوی بۆ نووسەری. سەبارەت بە گرینگیی ئینشا نووسینو چالاکیەکانی قوتابخانە بۆمان بدوێنو ئەوەیکە چۆن دەکرێ لەم رێگەیە...

و: ئەگەر مامۆستا گەلێك دابمەزرێن کە لە بواری ئەدەبیات دا پسپۆڕییان هەبێ دەتوانین منداڵەکان هۆگری نووسین بکەینو کتێب خوێندنەوەش بە شوێن ئەوە دادێ. کاتێك ژمارەی ئەو مامۆستایانە کەمنو ئەوانیش لە تەنگەژە دان، هیوایەکی ئەوتۆیان نیە. ئێمە دەبێ دەستی مامۆستاکان ئاوەڵا بهێڵینەوە بۆ ئەوی کتێب بۆ منداڵەکان هەڵبژێرن.

پ: باسمان بۆ لە رابردووی خۆتو چالاکییەکانی سەردەمی منداڵیت بکە.

و: ئەو کاتەی من منداڵ بووم کرماشان لە چاو ئێستا ٥٠ ساڵێك لە پێشتر بوو. لە گەڕەکی هەژارەکان دەژیاین. بەو حاڵەشەوە باوکم بەو خوێندەوارییە نیوەچڵەی هەیبوو شەوانە کتێبی چیرۆکانی بۆ دەخوێندینەوە، دایکم نەخوێندەوار بوو بەڵام ئەفسانەی بۆ دەگێڕاینەوە. لە دەوری دایە گەورە (نەنکم) کۆدەبووینەوەو ئەفسانەی بۆ دەگێڕاینەوە. هێندێ بڵاڤۆکمان پەیدا دەکردو دەمان خوێندنەوە. بنەماڵەکان کتێبیان خۆشدەویست لەو گەڕەکەدا ٧یا٨ ماڵ بووین گۆڤارەکانمان دەستاودەست دەکردن. چاومان، لە وێنەکانیان دەکردو وردەوردە دەمانخوێندەوە. شەوانە لاقمان لە کورسی دەکێشاو ئەوەی کە چوارەم یا پێنجەمی سەرەتایی خوێندبوو و خوێندەواریی لە هەموان پتر بوو، بۆ هەموانی دەخوێندەوە. بەو جۆرە وردەوردە گەشەمان دەکرد. هەموو خاڵو مامەکانم کرێکار بوون، بەڵام زۆریش حەزیان لە کتێب بوو. کتێبمان بەکرێ دەگرت. بەیانیان دەچووینەوە کاریو دوانیوەڕۆیان بە شێکی دراوەکەمان بۆ کتێبو گۆڤاران تەرخان دەکرد. شێعرمان دەخوێندەوە. شێعرەکانی سەعدی، فێردۆسیو شاعیرانی نوێی دوای نیما. رۆژنامەی دیواریمان دەنووسی. زۆر جاران مودیری قوتابخانەکە دژایەتی دەکردو ئێمە هەر سوور دەبووین لەسەری، بۆ وێنە، دەبووینە ٥ دەستەو ٥ رۆژنامەی دیواریمان دەردەکردو کێبەرکێیەکی سەیر لە نێوامانداندا دروست دەبوو. هەوڵمان دەدا بابەتی نوێ پەیدا بکەین بۆ ئەوەی رۆژنامەکەی ئێمە بەسەر هی ئەوانەوە بێو ( دەوڵەمەندتر بێ) نەقاشیەکانی خۆمان تێدا دادەناو شێعرمان دەهۆندەوەو وتارمان دەنووسین. کۆبوونەوەی ئەدەبیمان هەبوو.

بۆ وێنە بەڕێوەبەری مەدرەسەکەمان ئیزنی پێ دەدایین دوانیوەڕۆیان دەستەی نووسەرانی رۆژنامەکان لە پۆلێك دا کۆ بینەوە. ببینە چوار دەستەو کارەکەمان بکەین. هەمووی ئەوانە هاندەرمان بوون بۆ ئەوەی زیاتر هۆگری کتێبو نووسین بین. ئەو کتێبە نوێیەی کە خوێندبوومانەوە لە رۆژنامەکەمان دا دەمان ناساند. کورتەیەکیشمان لێ بڵاو دەکردەوە بۆ ئەوەی ئەوانی دیکەش هۆگری خوێندنەوە بکەین. لە پۆل دا ئینشامان دەنووسین. جا، یا مامۆستا بابەتی بۆ دیاری دەکردین یا ئەوەی دەیدایە دەست خۆمان. منیش زۆرم حەز لەوە بوو. چونکی هەمیشە رقم لەو ئینشایە بوو کە بۆیان دیاری دەکردین. ئەو کات ئێمە تاسەرباریو بێ ئۆقرەی( زەنگی ئەدەبیات) بووین. زەنگی ئەدەبیات، کاتی، کات کوشتن نەبوو. ماوەیەك بوو کە هەموومان شتی تێدا فێر دەبووین. مامۆستاکەمان باسی نووسەرو شاعیرانی وڵاتەکەمانی بۆ دەکردین. هەمووی ئەوانەش دەبوونە هۆی نیشتمانپەروەریو وڵات خۆشەویستیمان.

پ: دەکرێ چ چاوەروانیەکمان لە بڵاڤۆکی ئەنجومەنێکی منداڵان هەبێ؟ بڵاڤۆکێك چۆن دەتوانێ کاریگەریی هەبێ لەسەر ئاشنا کردنی منداڵان دەگەڵ ئەدەبیات؟

و: ئێمە قەت نابێ هیوابڕاو بین. بەڵام کاتێك تیراژی رۆژنامەکانی ئێمە٢٠٠٠ دانەن، لە حاڵێکدا رۆژنامەی "الصّبا" لە تورکیە ٧ میلیۆن دانەیە، کاتێك رادیۆ و تەلەڤزیۆن بانگەشە بۆ کتێب خوێندنەوە ناکەنو باسی شاعیرانمان ناکەن، ئاوا ناگەینە هیچ کوێ. قسەی من ئەوەیە کارەکە لە بنەماوە شتێکی خوارو ناڵەبارەو شوێنی خراپی لەسەر هەموو جێیەك داناوە. کتێب لەسەر سفرەی ماڵان نیە، میوەش بە گوێرەی پێویست نیە. پەنیرو هێلکەو نانیش هەروا، هەمووی ئەوانە دەستیان داوەتە دەستی یەکتر بۆ ئەوەی نەتەوەی ئێمە خوو بگرێ بە پەیوەندیی زارەکی (بە فیلمو وێنە). فێر نەبووە عادەت بە خوێندنەوەو نووسین بگرێ.

پ: لە کامە بەرهەمتان باستان لە منداڵانی جەرگەی کار کردوە؟

و: لە هەموو بەرهەمەکاندا، بۆ وێنە: بەشی "نان" لە کتێبی ئابشۆرانو کتێبی "دەگەڵ ئاهەنگەکانی باوکم"، منداڵانم بە وێنە کێشاون. ئەگەر دیسانیش دەرفەت هەبێ هەر لەسەر منداڵان دەنووسم.

پ: بە پێشنیاری خۆت ئێمە لە یەکەمین ژمارەی گۆڤاری " چەرخی دەستی"دا کامە کتێبت بۆ منداڵان چاپ بکەین؟

و: چیرۆکی "حەمام" لە کتێبی ئابشۆران. لەو بەرهەمە "تەنزو تەوس" یانەیە کە باوکم بە لێدان دەی بردینە حەمام.

لە کۆتاییدا مامۆستا دەروێشیان پێدەکەنێ. پێکەنینێك کە دەربڕی بیرەوەرییە شیرینەکانی سەردەمی منداڵییەتی.

دەقی فارسیی ئەم وتووێژە لە سایتی ئەنجومەنی پشتیوانی کردن لە منداڵان وەرگیراوە.

## تامەزرۆ




سمکۆ ئەردەلان

- دوو پاسدار لەسەر سووچی کۆڵانەکەمان راوەستابوون، بانگیان لێ کردم: ئادەی کوڕی چاك سەرەو پەرداخێکمان ئاو بۆ بێنە، لە ترسان کە کەسێك لەماڵەوە هەست پێ نەکا، بە پەلە پەل ئاوەکەم برد، خواردیانەوەو هەڵوا خومەینیەکیان دامێ. ئەدی بابم بۆ دەڵێ ئەوانە خراپو سەگی سەگبابن؟ ئەمویست بە دزیەوە بیخۆم بەڵام برا گەورەکەم هەستی پێکردو وتی: راوەستە با بابم بێتەوە، شت لەو دوو پاسدارە گڵاوە بۆ وەردەگری نەوسن؟ نازانی دەرمانی تێدەکەن؟

**(پاش ئەوەی کە نەمردمو بابم بە دەستە قورسەکانی زللەیەکی لێنەدام کە گوێم گڕی تێبەر بێ. لام وابوو کە براکەم داخی دێ کە بە تەنیا بیخۆم بۆیە بڕیارم دا جارێکی تر بچمە پشت ماڵەکەمان.)**

- دوو پاسدار لەسەر سووچی کۆڵانەکەمان راوەستا بوون. خودا خودام بوو بڵێن ئادەی کوڕی چاك سەرو پەرداخێکمان ئاو بۆ بێنە، پاکەتی هەڵپچریو دوو دانەی دەرهێناو دەستیان کرد بە خواردنی، نەوسن نەوسن چاوم بڕیبووە دمولەوسیانەوە - ئای ئەگەر دایکم ئاگای لێ دەبوو ؟!- دانەیەکی دەرهێناو گوتی: چڵکنە گیان ئادەی وەرە. وەکوو بچم خەڵات وەربگرم بە بزەیەکی شەرماوییەوە وەرم گرتو دزەدزە خۆم گەیاندە پشت ماڵەکەمانو خواردم. ئای کە لەزەتی بەلاوە بوو، ئێستاش تامەکەی لە بێخی ددانم دا هەر ماوە.

- دوو پاسدار لەسەر سووچی کۆڵانەکەمان راوەستا بوون. تازە لە قوتابخانە دەگەڕامەوە بە پەلەپەل کتێبەکانم فڕێ دایە گۆشەیەکی ماڵەکەمانەوەو هاتمە بەردەرگا هەڵترووشکام. وەکوو کچێك کە لە ژێرەوە چاو لە کوڕانی سەر کۆڵان دەکات بۆم دەڕوانین. خودا خودام بوو بانگم لێبکەنو بڵێن: ئادەی چڵکنە سەرو پەرداخێکمان ئاو بۆ بێنە. پاکەتێکی هەڵپچریو دوو دانەی دەرهێناو دەستیان کرد بە خواردنی، نەوسن نەوسن چاوم بڕیبووە دەمو لەوسیانەوە - تۆ بڵێی دایکم ئاگای لێنەبووبێ؟ - یەکێکیان گوتی: ئادەی چڵکنە سەرو پەرداخێکمان ئاو بۆ بێنە بێ ئەوەی بهێڵم کەسیك لە ماڵەوە هەست پێ بکا ئاوەکەم برد، هەڵوا خومەینیەكو وێنەیەکیان دامێ. وەکوو چۆن خوشکەکانم لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکانیان هەڵدەدایەوەو چەمۆڵەیەکیان لێ دەنا، چەمۆڵەیەکم لە وێنەکەی ناو فڕێم دایە نێو زبڵەکەی ماڵە دراوسێکەمانەوە

" هەی تووتە سەگ ئەو هەڵوات دەداتێ تۆ چەمۆڵەی لێ دەنێی" ئەوە قسەی پاسدارە ریش زۆرەکەیان بوو. رامکردو دزە دزە خۆم گەیاندە دوو کۆڵان ئەولاترو لە چۆلگەیەك دا خواردم. ئێستاش تامەکەی لە بێخی ددانم دا هەر ماوە.

- دوو پاسدار لە سەر سووچی کۆڵانەکەمان راوەستا بوون. چاوەڕێ بوون بە خێرایی خۆم بپێچمەوەو بچمە شوێنی مەبەست بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی پێئەسپێردراو. لە نێو کۆڵەپشتیەکەم دا بۆ هەزارەمین کەرەت چاوم بەو وێنە قێزەونە کەوت کە دوای چەمۆڵەیەك خستمە نێو زبڵەکەی ماڵە دراوسێکەمانەوە بەڵام ئێستاش تامی هەڵوا خومەینیەکە لە بێخی ددانم دا هەرماوە.

١٣٧٩/٨/٤

# لە یادی شێستەمین ساڵوەگەڕی مەرگی پێشەوادا

د. کرمانج گوندی

**ئەم وتارە بۆ یادی ٦٠ساڵەی شەهید بوونی پێشەوا نووسراوە کە بەداخەوە لەکاتی خۆیدا نەگەیشتە دەستمان تا لە ژمارەی تایبەت بەم یادەدا بڵاوی بکەینەوە، بە پێویستمان زانی لەم ژمارەیەدا بخەینە بەرچاوی خوێنەرانی"کوردستان".**

تەمەنم ١٢- ١٣ ساڵان بوو کە بۆ یەکەمجار گوێم لە داستانی پڕ ڕەمزی قازییەکان بوو کە لە سەردەمی کۆماری کەم تەمەنی کوردستانێ وەسەر یەکیان خست بوو.

ئەو سەردەم، هەمیشە پرسیارم لەخۆم دەکرد کە چلۆن دەکرێ لە کاتێکدا مرۆڤ ئازادیی ئەوەی هەبووبێ کە خۆی ڕزگار بکا - پێشەوا هەڵی بژاردوە کە بمێنێتەوە، خۆی تەسلیمی لەشکری داگیرکەری ئێرانێ بکا - لەوەختێکدا زانیبێتی کە چارەنووسێکی دژواری دەبێ!

پاشان، "کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی" کەریمی حیسامیم خوێندەوە. دواتر موتالام لەو بارەیەوە زێتر کرد. ئەمانە، تا ئەندازەیەکی زۆر ڕۆشناییان خستە سەر ئەو تارماییەی کە من لەمەڕ ئەو ڕووداوە مێژوو سازەوە هەمبوو. لە ئەنجامی ئەو موتالایەدا بۆم دەرکەوت کە پێشەوا لە ژیان گەورەتر بوو. پێشەوا، بەجێی ئەوەی لە بەرامبەر دادگەی قشوونی ئێرانی بەچۆکاندابێ‌و بۆ ژیانی زەلیلی وەپاڕێ - ژیانی زەلیلیی دەبن چۆکان ناو، بەڕووی داگیرکەراندا هەڵچوو. بەهەندێ، بە هەمان مەرگی ڕەزماویی خۆی مێژوویەکی ڕەزمارای بۆ نەتەوەی دلێرو جوامێری کوردستانی جێ هێشت.

داستانی دادگەیی کردیی قازییەکان، لەلایەن سەرهەنگ کیومەرس، ژۆرنالیستی "ماهنامەی" لە لەشکری ئێرانی دۆکیۆمێنت کرابوون.

سیناریۆی دادگایی کردنەکە وەها دەستی پێکرد بوو - لە ڕۆژی ٢٤ی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٤٧، گرووپی هەڵبژاردەی دەرەجەدارانی لەشکری ئێرانێ لە تارانێ بەرەو تەورێزێ‌و، لەوێرا بۆ مەهابادێ وەڕێ کەوتبوون. ڕۆژی ٢٨ی مانگێ گەیشتبوونە مەهابادێ - شەوێ لە پێگەی سەربازیی مەهابادێ سپەریی دەکەن - سبحەینەکەی ڕۆژی دوایی، زوو دادگەی قازییەکان دەست پێ کرا.

پێشەوا، سەربڵێندو شەهادەتمەندانە وەژووری دەکەوێ‌و بێدرەنگ پرسیار پێچ دەکرێ. پێشەوا، زۆر بە ئارامیی‌و ڕێزمەندانە گوفتارو ڕەفتار دەکا.

لەو دوازدە تۆمەتانەی خرابوونە پاڵ پێشەوا، جگە لە سیانیان نەبێ، پێشەوا ئەوانی دیکە ڕەد دەکا. پاشان، دادگە بە شێوەیێکی سەرەکیی لەسەر ئەم سێ کوچکە تاوانییە شێوە دەگرێ. ئەو تۆمەتانەی پێشەوا ڕەدی نەکردبوونەوە:

١- چوونی پێشەوا بۆ باکۆی ئازەربایجانێ بۆ دیدار دەگەڵ باقرۆڤێ.

٢- دروست کردنی ئالآ.

٣- ڕێگەدان بە بێگانە (مەلا مستەفا)بۆ ئەوەی بێتە مەهابادێ.

لەو دادگەیەدا، پێشەوا پێشەوایانە داکۆکیی لە نەتەوەو نیشتمانەکەی دەکا - بە جۆرێك کە سەروان کیومەرس لە تێبینییەکانی خۆی دا نووسیبووی: من وەك هەواڵنووس لە زۆرینەی دادگەکانی مەیدانی‌و سەربازیدا بەشدارییم کردوە. بەڵام، هەرگیز هیچ کەسێکم بە ئەندازەی قازی محەمەد بەجەرگو ئازا نەدیوە. هەرگیز لەکاتی دادگەیی کردنی دا نەدەترساو، زۆر دلێرانە قسەی دەکرد، وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە - وەکی ئەوە وابێ کە لە کۆڕی جەژن‌و داوەتێ دا دانیشتبێ.

وەکی گوترا، پێشەوا زۆرینەی تۆمەتەکانی ڕەد کردبۆوەو، داوای بەڵگەی لە پێکهاتە بەنێو دادگەییەکە کردبوو - دادستان نیکوزاد بە تووڕەیی گوفتار دەگەڵ قازی دەکا - قازییش کە تا ئەو کات ڕێزمەندانە گوفتارەکانی‌و ڕەفتارەکانی خۆی ئەدا کردبوو، کەم دەبینێ ئەگەر لە بەرامبەر ئەو بێڕێزییە بێدەنگی لێ بکا. ئەویش ڕێبەرانە هەڵوێست دەگرێ‌و، تووڕەتر بەرووی دادستانێ دا هەڵدەچێ - پێی دەڵێ:

ئەو هەموو درۆو بوختانەتان چۆن بۆمن دروست کردوە؟! ئەگەر ڕاست دەکەن بەڵگەیەك بخەنە ڕوو.

دادستان، بە ئاخافتنەکانی قازی هەست بە سووکایەتی دەکاو، تووڕەتر لە جاران، بە مست لەسەری خۆی دەداو، بە پێشەوا دەڵێ: "ئێوە کوردانی سەگ سیفەت".

**قازی محەمەد لە بێدادگادا:**

**مەلا مستەفا لە کوردستانێ دا بێگانە نەبووەو نیە. کوردستانماڵی هەر کوردێکە. کەسیش ئەوی نەهێناوە. دۆخ وەهای کردوە کە ئەو بۆ بەشێکی دیکەی ماڵی خۆی بچێ**

پێشەوا بەو سوکایەتییەی ئەو ناجوامێرە ناشڵەژێ، بەڵکوو سالارمەندانە بەڕووی دەنگی داگیرکەرانەی دادستان دا هەڵدەچێتەوەو، دەڵێ:

سەگو بێ شەڕەفو بێئابڕوو ئێوەن کە هیچ سنوورێك بۆخۆتان‌و خەڵك‌و قانوون دانانێن. ئاخر، هەی بێشەڕەف، ئەتۆ هەردەتوانی بڕیارێك کە ئەو بێشەرەفەی دیکە (شای ئێران) داویەتی بەجێ بێنی، لەوە زیاتر هیچ غەڵەتێکی دیکەت لەدەست نایە. من لە زوویەکەوە خۆم بۆوە ئامادە کردوەو بە ئامێزی کراوەوە مەرگی خۆم لە پێناوی میللەتەکەم دا بە ڕەحمەت لە لایەن خودا بۆخۆم دەزانم. شانازی بەو مەرگە مەردانەیە دەکەم.

پاش ئەو جەدەلە توندە، پێشەوا، بۆ ئەوەی پەیامێکی توندتر بداتە ئەو دادستانە ناجوامێرەو، لە ڕێگەی ویشەوە بە دادگەی قشونی ئێرانێ بڵێ بەهیچ جۆرێك گوفتاری بێڕێزانە لە بەرامبەر خۆیدا پەسەند نەکات، دەڵێ: چیدی وەرامی هیچ پرسیارێك نادەمەوەو، ئەو نامەردەش هەر غەڵەتێکی دەیکا - با - بیکا.

دوای ئەم پێشهاتە، دادگە زۆر هەوڵی دا کە پێشەوا لە وڵامدانەوەی پرسیارەکان نەرمییەك بنوێنێ - پێشەوا لە وەڵام دا دەڵێ:

بەخاتری ئەو بەڵێنەی کە بە میللەتەکەم داوە کە لەگەڵی دابژیم‌و، بۆویش بمرم، تازە، چۆن لەو سوێندەی خواردوومە پاشگەز ببمەوە. بەتایبەتی پاش ئەو هەموو بێ شەڕەفییەی ئەو دادستانە کردی، بەهیچ جۆرێك ئامادە نیم وەڵامی دادگە بدەمەوە، مەگەر کەسێکی دیکە پرسیارم لێ بکا!



ئەنجا، دادگە زۆر دەڵێ، لە پێشەوا کەم دەبیستێ، لە ئەنجام دا ناچارانە، سەرهەنگ ڕەجەب عەتایی کە سەرۆکی دادگە بوو دەبێتە دادستان.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی قازی داوای کردوە کە بێگانە بێتە ناو خاکی ئێرانێ؟ پێشەوا، لە وەڵام دا دەڵێ:

مەلا مستەفا لە کوردستانێ دا بێگانە نەبووەو نیە. کوردستان ماڵی هەر کوردێکە. کەسیش ئەوی نەهێناوە. دۆخ وەهای کردوە کە ئەو بۆ بەشێکی دیکەی ماڵی خۆی بچێ‌و، وەسەلام.

سەرهەنگ عەتایی جارێکی دیکە پرسیارەکان دەڵێتەوە، پێشەوا، دیسان هەموویان ڕەد دەکاتەوە. لەو کاتەدا کە دادستانی پێشین، سەرهەنگ نیکوزاد کە هێشتا لە ئەنجامی ڕەفتاری پێشەوا خۆی دەخواردەوە، پارچە قوماشێك لە ڕەنگەکانی سوور، سپی‌و، کەسك پێکهاتبوو داس‌و چەکوچێکی لەسەر نەخش کرابوو لە جانتاکەی خۆیدا دەرهێنا، ڕوو لە قازی گوتی:

ئەدی ئەوە نیە، هەموو دەوڵەت‌و ئالاو پێکهاتەت؟

ئەو سەرهەنگە، جارەکی دیکە ڕەفتارەکی ناجوامێرانە دەکاو، تفێك لە ئالاکە دەکاو، دەیخاتە بن پێ. پێشەوا لە بەرامبەر ئەو ڕەفتارە دا دەڵێ، ئەمە ئالای کوردستان نیە، چونکە ئالای ئێمە داس‌و چەکوچی تێدا نیە. ئەو ڕەفتارانەش نیشانەی بێ عەقڵی‌و بێ شعوریی تۆ دەگەیەنێ. دڵنیابن کە ئێوە دەستتان بە ئالای کوردستان ناگا کە بتوانن بێ ڕێزیی پێ بکەن. ڕۆژێکیش دێ هەر لەسەر ئەو خانووەی کە منی تێدا دادگەیی دەکرێ، هەڵ دەدرێ‌و دەشەکێتەوە. ئەمن ئالای کوردستانم داوە بە مەلا مستەفا کە بیپارێزێ، کە تا ئەو ڕۆژەی لە بەرزاییەکانی کوردستاندا هەڵ دەدرێ، ئەو دەیپارێزێ. دڵنیابن ئەو ڕۆژە دێ!

پاشان سەرهەنگ داوا لە پێشەوا دەکا کە بڕێك باس لە ڕەوشتی ژنراڵ بارزانی بکا. پێشەوا دەنێو کۆی گوتە پۆزەتیڤەکانی لەمەڕ ژنراڵ بارزانیدا، بە فارسی بەشێکی شێعرێکی شێخی سەعدی شیرازیی دەڵێ:

**آنچه خوبان همه دارند / او به تنها دارد**

یانی، ئەو شتەی کە هەموو باشان پێکەوە هەیانە، ئەو بە تەنێ هەیەتی.

سەروان کیومەرس لە درێژەی ئاخافتنەکانیدا گوتوویەتی، "قازی محەمەد ئەو قسانەی نەبۆ دڵخۆشیی مەلا مستەفا دەکرد،و نە بۆ دژایەتیی دادگە - قازی ئەم قسانەی بە باوەڕی تەواو لە ناخی دڵیەوە دەکرد".

**پێشەوا لەبەردەم دادستانی شاهنشاهیدا:**

**دڵنیابن کە ئێوە دەستتان بە ئالای کوردستان ناگا کە بتوانن بێ ڕێزیی پێ بکەن. ڕۆژێکیش دێ هەر لەسەر ئەو خانووەی کە منی تێدا دادگەیی دەکرێ، هەڵ دەدرێ‌و دەشەکێتەوە.**

پێشەوا، نەترسانە داکۆکیی لە باوەڕی خۆی‌و مافەکانی میللەتی خۆی کرد، داکۆکییەکی ئەفسانە ئاما!

داستانی دادگەیی کردنی پێشەوا ئەگەر بدرابایە تەلەڤیزیۆن‌و خەڵکان شەهامەتی ئەو گەورە پیاوەیان دیتبا، وێدەچوو داستانی ڕەزم‌و ئازایی وی تاجی سەروەرێتیی ڕەزمی مەهاتما گاندنی لەسەر ئاستی جیهانی بکربا سەر، و لە ڕیزی وی دانرابا. بەڵام پێشەوای مە، پێشەوای میللەتێکی چەوساوە، و خاك لێداگیر کراو بوو بۆیە جیهان شتێکی ئەوتۆی لە مەڕ وی نەزانی!

میکانیزمی دادگا سەلماندی کە چارەنووسی پێشەوا لەپێشدا بڕیاری لەسەر درابوو. دادگەکە نمایشێکی ساختەی سەربازیی بوو- بڕیارەکە زووتر لە تارانێ درابوو. لەبەر هەندێ، هیچ بەڵگەیێك بۆ ئەو تاوانەی خرابوونە سەر پێشەوا ئامادە نەکرابوو. بە دەستپێکردنی هێندێ پرسیاری نارۆشن دادگەکە دوای چەند کاتژمێرێك کۆتایی پێکهێنراو، وتەنێ نیوکاتژمێر پاش تەواو بوونی دادگە بڕیاری لە داردانی پێشەوا ڕاگەیاندرا.

پێشەوا، هەروەك بوێرانە داکۆکیی لە کوردستان‌و نەتەوەی کورد کرد، وەسیەتنامەیەکی دڵسۆزانەشی بۆ میللەتەکەی جێهێشت. لە نێوئاخنی ئاخافتنەکانی، وەبیرمان دێنێتەوە کە باوەڕ بە دوژمنان نەکەین. وەبیرمان دێنێتەوە کە یەکگرتوو بین‌و، یەکیەتیی ریزەکانمان بپارێزین بۆ ئەوەی داگیرکەران زەفەرمان پێ نەبەن.

بۆیە گرینگە لە شێستەمین ساڵوەگەڕی لە داردانی ئەو پێشەوا مەزنە ئەو وەسیەتەی وی ڕێزی لێ بگیرێ‌و لێی لانەدرێ. مخابن، شێستەمین ساڵوەگەڕی ئەو بۆنەیە هاوکات لەت بوونی حیزبەکەی ویە. جا، لێرەکانێ ئەرکێکی ئەخلاقی‌و نیشتمانی زێتر دەکەوێتە سەر ئەندامانی حیزبی دیموکرات بۆ ئەوەی ڕێبازی ئەو پێشەوایە مەزنە لە بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستانێ نەلەرزو پێگەدار بپارێزن. گەرەکە بیر لە ڕێچارەیەك بکرێتەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بە لەتبوونی حیزبی دیموکرات بهێنرێ. تێکەڵبوونەوەی هەریەك لکی حیزبی دیموکرات پڕ بەهاترین مژدەیە کە دەکرێ لەم یادەدا بدرێتە روحی پارکڕەوانی پێشەوا، و لە هەمان کات دا لوتکەی وەفاداریی ئەندامانی حیزبی دیموکراتە بۆ وەسیەتنامەکەی ئەو سەروەرە مەزنە!

بە ئومێدی تێکەڵبوونەوەی لکەکانی حیزب‌و، درێژەدان بە ڕێبازی پاکی ئەو شکۆمەندەو، ڕزگار بوونی یەکجارەکیی کوردستان.

"لاپەڕەی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بابەتانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# واقیعی کوردستانیبوونی ورمێ٧و پڕوپاگاندای پان تورکیستەکان

**سامان فەقێ نەبی**

گرژی و تەنگژەی ئەتنیکی لە نێوان نەتەوەکانی کوردو ئازەری، مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە و لەو کاتەی را کە تورکانی ئوغوز دەستیان بە سەر کوردستان داگرت تاکو هەنووکە ئەم کێشەیە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. دۆزینەوەی هۆکارەکانی ئەم ئاڵۆزییە پێویستی بە توێژینەوەو خوێندنەوەیەکی وردی قۆناخەکانی مێژوو هەیە. ئەگەر چاوێك بە ڕابردوو دا بخشێنین، دەردەکەوێ کە لە بەشێکی بەرچاوی مێژووی چەند سەدەی پێشووی ناوچەدا، لە لایەك ئازەرییەکان بەشێك لە سیستمی دەسەڵاتدارو چەوسێنەر بوون و لە لایەکی دیکەوە کوردەکان بەردەوام چەوساونەوەو سەرکوت و کۆچ و ماڵوێرانییان وەبەر کەوتوە. پاکتاوی ڕەگەزی و مەزهەبی و هەڵقەندنی کورد لە زێدی خۆی، نەریتێك بووە کە بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتدارانی بە ڕەگەز تورکەوە پەیرەو کراوە.

پلان دارشتن بۆ گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان بەتایبەت ناوچەکانی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ و موکریان، ڕێبازێك بووە کە دەسەڵاتە ناوەندییەکانی ئێران بۆ کوژاندنەوەو سەرکوتی سەرهەڵدان و بەرهەڵستکاریی نەتەوەی کورد، کەڵکیان لێوەرگرتوە.

بێگومان تێڕامان لە مێژوو، پردێکە بۆ تێگەیشتن لە ئێستا." لەم سۆنگەیەوە دەکرێت وەکوو فاکت ئاماژە بە دەیان عەشیرەتی کورد بکەین کە دەسەڵاتەکانی سەلجووقی و سەفەوی و قاجار بە زۆر لە خاکی کوردستان هەڵیانقەندوون و لە شوێنی ئەوان عەشایری تورك نیشتەجێ کراوە." بۆ وێنە لە سەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەویدا، ئیلی " قەرامانلو" لە کوردستان بۆ خوراسان راگوێزراوە و عەشیرەی بەرەگەز تورکی " شاملوو" لە جێگای ئەوان نیشتەجێ کراوە. هەروەها لە سەردەمی شاعەباسی سەفەویدا پتر لە ٥٠ هەزار خێزانی ئیلی " چەمشگەزەك"و هەندێ لە ئیلە کوردەکانی تری کوردستان بۆ دەشتەکانی خوارووی تاران و پاشان بۆ خوراسان راگوێزراون. هەروەها شاعەباس لە ساڵی ١٠١٩ هیجری دا کوشتارێکی بە کۆمەڵی لە کوردانی موکریان کردو ئیلی ئەفشاری کە ٨هەزار خێزان بوون لە ناوچەی ورمێ نیشتەجێ کرد". ئەمانە تەنیا بەشێکی کورت لە مێژووی پرکارەساتی کورد لەم بەشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە ئاماژەی پێکرا.

لێرەدا ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەمەیە کە ناسیۆنالیزمی سەردەمیانەی ئازەری کە لە هێندێك بوارەوە، ئاقاری شوڤێنیی بە خۆیەوە گرتوە، ئێستاکەش لە چوارچێوەی نەریتی مێژوویی خۆی لە سەر بنەمای هەڕەشە لە




نەتەوەی کوردو بەها میللییەکانی حەرەکەت دەکا. بۆ وێنە چەند لایەنێکی پان تورکیست، هەوڵ دەدەن راستییەکانی مێژوو بە پێچەوانە نیشان بدەن و لە راگەیاندنەکاندا وا تەبلیغ دەکەن کە گوایە کورد لە ڕابردودا هێرشیان بردۆتە سەر خاکی ئازەربایجان، ئەوە لە حاڵێك دایە کە کورد پتر لە ٣٠٠٠ ساڵە کە نیشتەجێی ئەم خاکەیەو ئەمە مێژووی هاتنی تورك بۆ ناوچەیە کە تەنیا بۆ چەند سەدە دەگەرێتەوە. پان تورکیستەکان لە چوارچێوەی ئەم لێکدانەوە سەقەتەدا، تەواو پارێزگای ورمێ بە خاکی ئازەربایجان دەژمێرن.

لە راستیدا شوڤێنزمی ئازەری لە پێناوی بزواندنی هەستی نەتەوەیی لە نێو گەلی ئازەری داو هەروەها ڕەوایی دان بە گوتاری خۆی، ڕێبازی سووکایەتی بە بزاڤی نەتەوەیی کوردو هەڕەشە لە خاکی کوردستانی گرتۆتە بەرو تێدەکۆشێت کە لەم کاناڵەوە شوناسێك بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

بۆ پێناسە کردنی سروشتی هێرشبەرانەی ناسیۆنالیزمی ئازەری، پێویستە ئاوڕێك لە بەیاننامەوەو بڵاوکراوەکانی حیزب و ڕێکخراوە ئازەرییەکان بدەینەوە. بۆ وێنە کەسێکی نەناسراوو سەر لێشێواو وەك " نەزمی ئەفشارە، کە خاوەنی هیچ چەشنە بەکگراوندێکی سیاسی نیە، زۆر بێشەرمانە سووکایەتی بە سمکۆی شەهید دەکاو لە نووسینۆکانیشیدا تەنانەت مەهابادو باقی شارەکانی موکریان بە تورکستان دەژمێرێ. یان لە کاتی سەرهەڵدانی لاوانی ماکۆ لە زستانی ٢٠٠٦دا، سایتی GuneyAzerbaycan دەنووسێت:" کوردە تیرۆریستەکان ویستیان ئاژاوە بنێنەوە، هێزەکانی حکوومەت لە بەرامبەریان بێدەنگ بوون. لاوانی خوێنگەرمی ئازەربایجان چیتر نەیانتوانی ئەم بێدەنگییەی سوپاو پۆلیسی حکوومەت تەحەمول بکەن. لە ئەنجام دا ئەم لاوە خوێنگەرمانە لێیان هاتنە دەست و بەرپەرچی پەلامارەکانیان دانەوەو ژمارەیەکیان لێکوشتن و شاریان لێپاك کردنەوە... یان لە بەیاننامەیەکی پارتی ئیستقلالی باشووری ئازەربایجان کە ژمارەی ئەندامانی تەنیا چەند کەسێکن کە خۆیان بە قوتابیی مەکتەبی کەمالیزم لە قەڵەم دەدەن و پێگەی کۆمەڵایەتییان لە نێوخۆدا زۆر کزو لاوازە، سەبارەت بە پارێزگای ورمێ هاتوە کە "کوردەکان دووسەد ساڵە لە عێراقەوە کۆچیان کردوە بۆ ئازەربایجان و میوانی ئازەربایجانن. شاری سولوق بولاغ ( مەهاباد)، خانا (پیرانشار)و شنۆو سولدوز (نەغەدە) شاری تورکنشینی ئازەربایجانن.... ئێمە کوردەکان ئاگادار دەکەینەوە کە واز لەو خەونانەیان بهێنن... پارتی سەربەخۆیی ئازەربایجان لە سەریەك بست خاکی ئازەربایجان گفتوگو لەگەڵ هیچ کەس ناکات و تا دوا دڵۆپی خوێنیشی لە سەر خاکی ئازەربایجان دەجەنگێت." ئەمانە چەند نموونە لە ئەدەبیاتی پان تورکیستەکانن. نەریتێکی فیکریی چەوت و بێ بنەما کە لەسەر ئەساسی" تورکێك لە هەمبەر دونیایەك " دامەزراوە. گرووپە شۆڤێنییەکانی ئازەری میراتگری گورگانی ئاناتۆلین کە کورد کوژی بە شانازی دەزانن و فەخری پێوە دەکەن.

بێگومان نەرمی نواندن لە هەمبەر ڕەگەز پەرەستانی ئازەری، خەسارێکی قەرەبوو نەکراو بە هەر دوو نەتەوەی کوردو ئازەری دەگەیەنێت و بەرپەرچ نەدانەوەی چەند کەس و لایەنێکی بچووکی شۆڤێنیی ئازەری غەدرێکە لە نەوەی دوارۆژی کوردستان و، هەر بۆیە هەڕەشەی کەسانی پشت ئەستوور بە تیۆریی کەمالیزم، نابێت لەلایەن خەباتگێرانی کورد بێ وەڵام بمێنێتەوە. ئێمەی کورد، پێویستە تەنیا لە گەڵ گرووپە دێموکراتەکانی ئازەری کاناڵی دیالۆگ بکەینەوە، ئەو گرووپانەی کە لە بری لۆژیکی شەڕ ڕێگای، چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەکان هەڵ دەبژێرن.

پێویستە ئەحزابی دێموکراتی ئازەربایجان ئاگادار بکرێنەوە کە بزاڤی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەر بنچینەی ناسیۆنالیزمی دێموکراتیك حەرەکەت دەکاو پاراستنی بایەخە نەتەوایەتی یەکان لە چوارچێوەی بایەخە دێموکراتیکەکان بەرێبازی سەرەکیی خۆی دادەنێت و لەم سۆنگەیەوە پاراستنی گشت مافەکانی نەتەوەکانی دانیشتووی خاکی کوردستان بە کوردو ئازەرییەوە بە ئەرکی سەرەکیی خۆی دەزانێت، بەڵام هاوکات بە هیچ چەشنێك ئیجازە بە چەند کەس و تاقمێکی بچووکی پان تورکیست نادات کە خەونی داگیر کردنی خاکی کوردستان بە جێبگەیەنن و ورمێ و ماکۆو سەلماس هەتاهەتایە بەشی دانەبڕاوی خاکی کوردستانن و ئیعتراف نەکردن و پڕوپاگاندای بێنێوەرۆکی پان تورکیستەکان، هیچ لە واقیعی مەسەلەکە ناگۆڕیت.

سەرچاوەکان:
١ــ سنت و مدرنیتە/ صادق زیباکلام
٢ـ کوردو عەجەم / نەوشیروان مستەفا ئەمین
٣ـ گۆڤاری کیاستە / ژمارە ٢
٤ـ هەمان سەرچاوە

# دێموکراسی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە!؟

**شاهۆ نادری**

یەکێك لەو ناوچە گرینگانەی کە تائێستا ڕەنگ و رووی دێموکراسیی بەخۆیەوە نەدیوە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ناوچەیەك کە دەتوانرێ نێوی دڵی دنیای لێبنرێ، بەڵام بە هێندێك هۆ تائێستا دێموکراسیی وەخۆ نەگرتوە. تەنانەت وڵاتانی ئافریقایی لەگەڵ ئەوەیکە پاشەکەوتی نەوتی و گازیشیان نیە ئەو قۆناغەیان تێپەر کردوە، بەڵام بۆچی لە ناوچەیەکی ئاوا دەوڵەمەند دا کێشە لەگەڵ دێموکراسی هەیە؟!

مانای سادەو گشتیی دێموکراسی حکوومەتی خەڵکە، بەڵام دەبێ ئەو راستی یە قەبووڵ بکەین کە زۆربەی وڵاتانی ئەو ناوچەیە ڕێبەریان بەخودا زانیوەو پەیرەوی لە ئایدیای ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی دەکەن و دژی سیکۆلاریزمن.

وڵاتانی عەڕەبی و ئیسلامیی وەك عەڕبستان تائێستاش هەر پەیرەوی لە حکوومەتەکانی "عەبباسی و بنی ئۆمەیە " دەکەن. تورکیە خۆی وەك حکوومەتێکی لائیك دەناسێنێ، بەڵام دەگەڵ ناسیونالیزمی ویشك و بێمانای خۆیان کێشەیان هەیەو تەنانەت ژێستی دێموکرات بوونیش دەگرێ و ئێران کە لەسەر بنەمای "ولایت فقیە" راوەستاوەو ئەو راستی یە دەردەخەن کە کولتووری ئیسلامی سیاسی بە سەر ئەو ناوچەیەدا زاڵە. دیارە ئەوەش بە نەگوتراوی نەمابێتەوە کە ڕۆژئاواش بەر لە شۆڕشی فەرەنساو ئامریکا ئەو قۆناغەی تێپەر کردوە، بەڵام ئایدیولۆژیی ئیسلامی جیاوازیی دەگەڵ ئایینی مەسیح هەیە، ئیسلام خۆی بەسەرووتر لە ئایینەکانی دیکە دادەنێ و دێموکراسی زۆر بە دژواری لەوێ پیادە دەکرێ.

کێشەیەکی دیکە کە دەتوانین ناوی بێنین بوونی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری ناوچەیە کە، کەمیش نین و ئەوانە بەربەستن لە بەردەم پێشکەوتنی دێموکراسی و بەهەر شێوەیەك بەربەست لە بەرامبەر یدا سازدەکەن. تا بەر لە ١١ی سیپتامبر وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکایی مەیلێکی وایان نەبوو بۆ هێنانی دێموکراسی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەراست. بەهۆی ئەوەیکە بە هێنانی دێموکراسی زۆربەی دۆستانی ستراتیژیکیی خۆیان لە ناوچەو وڵاتانی عەڕەبی دەوروبەری کەنداوی فارس لەدەست دەدا. ئورووپاییەکان وایان لێك دەداوە ئەگەر هەڵبژاردنی ئازادو دێموکراتیك لەو وڵاتانە دا بکرێت ڕێگا بۆ گرووپە ڕادیکالە ئیسلامییەکان دەکرێتەوەو لە جێگای ئاشتی و ئارامی لە ناوچەکەدا، شەڕی عەڕەب و ئیسرائیل دەگاتە لوتکە (وەك هەڵبژاردنی ئەنجومەن)، بەڵام دوای هێرش بۆواشینگتۆن و نیۆیورك تەواوی بەراوردکارییەکان تێکچوون و بوو بە وەرچەرخانی سیاسەتی دەرەکیی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتیی ئامریکاو، پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەی هێنا گۆڕێ و بەرەیەك بەرێبەرایەتیی ئامریکا هاتنە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست تا وەکوو دۆستانی دیکتاتۆری خۆیان وەلابەرن و دۆستانێکی بە چەشن نوێ و سیکۆلار بدۆزنەوە.

دیارە ئەو پرۆسەیە بە شەوێك بە ئاکام ناگاو ئەو بتانەی کە بە چەرمەسەرییەکی زۆرو بە دژواری ساز کراون ئێستا دەبێت وزەیەکی زیاتر خەرج بکرێ تاوەکوو لە نێو ببڕدرێن. یەکێك لەو وڵاتانە عێراقە کە لە دوو نژادی کوردو عەرەب پێك هاتوەو عەرەبیش بە سونەو شیعە دابەش بووە. بە بڕوای کارناسان بەدژواری دەتوانرێ دێموکراسی لەو وڵاتە فرە نەتەوانە دا وەك ئێران، عێراق، تورکیەو سوریا دا بمەزرێندرێ. بە هۆی ناهاوچەشنیی نەتەوەیی و مەزهەبی، دژوارە سیستەمی فیدراڵییش لەم وڵاتانە دا وڵامدەر بێ. چونکە فیدرالیزم بەرهەمی سیستەم گەلی دێموکراتیکە و ئەو ناوچانە هەروەك ئاماژەی پێکرا تائێستا دێموکراسی نەچۆتە نێویانەوە. کەوایە ناتوانرێ تاوەکوو سەرەتا کێشە بنەڕەتییەکان چارەسەر نەکرێ ئەو وشە مۆدێرنانە بکرێتە نێو دەمارەکانی ئەو کۆمەڵگایانەوە. گرفتەکانی ئەوان مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان و کەمایەتییەکان، نەبوونی سیکۆلاریسم، ناڕوون بوونی دێموکراسی و گرینگتر لە هەموان ئیسلامی سیاسییە.

وەرگێڕان بۆ کوردی: سۆران شێرزاد

درێژەی

# روانینی ژنانی دیموکرات بۆ کێشەکانیان

بڕیاردان نین و ناڵێن کە ژن مەیدانی پێنەدراوە خۆی تاقی کاتەوەو زانستی خۆی نیشان بداو تەنها بە حوکمی ژن بوون باوەڕەکان بە گشتی دەکەونە شك و گومانەوە. جا تەبیعی‌یە هەر کەس کە ببینێ



کوێستان گادانی

تەرەفی بەرابەری وا بە شك و گومانەوە دەڕوانێتە هەڵسوکەوتەکانی، خودبەخود ئەو نەفەرە لە سەحنەی کارو تێکۆشان دەکشێتەوە.

ئەمن بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو شك و گومانە نموونەیەکی بەرچاو دێنمەوە:

لە ئورووپا ژنەکانمان بە خۆشییەوە زۆر زووتر لە پیاوەکان دەکەونە مەیدانی کار یان درێژەدانی خوێندن. باشە هەر ئەو ژنە نیە کە لە نێو حیزبی خۆمان دا بە چاوی شك و گومانەوە چاوی لێ دەکرێ و بێزاری دەکەن و لە نیهایەت دا لە سەحنە خاریج دەبێ؟ ئەدی بۆ چی لێرە چونکە بوار بۆ خوێندن و کار کردنی رەخساوە، دەتوانێ خۆی نیشان بدا؟

**گوڵاڵە شەڕەفکەندی :**

ئەو ژنەی دەیهەوێ بەشداریی نێو ریزەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات بکا، پێویستی بە حیمایەتی پیاوەکان و یارمەتیی مێردەکەی هەیە. بۆ ئاگاداری لە منداڵ و کاروباری ماڵێ و زۆر شتی‌تر پیاوەکان ئەگەر رێگا نەدەن و یارمەتی نەکەن، ژن چۆن دەتوانێ بەشدار بێت.

پیاوەکان لە دەرەوەی وڵاتیش هەر هەمان بیروبۆچوونی پیاو سالارییان دەگەڵە و زۆر نەگۆڕدراون.

ئەگەر جێگایەکیش بە ژن دەدەن و هاوکارییەك دەکەن، زیاتر بۆ جوان نیشاندانی حیزبە نەك لەبەر بیروباوەڕیان، تەنیا بۆ وەی بڵێن کە ژنیشمان لەگەڵە. لەبەر ئەوە نیە کە سەرمایەگوزاری لەسەر ژن بکەن و پەروەرد کردنی کادری سیاسیی ژن لە بەرنامەکەیاندا نیە. تەنیا نیشاندانی ئەوەیە کە ژنمان لەگەڵە و ئەو دووانە زۆریان فەرق هەیە.

دوایین گرفت، ئەوەیە کە لێهاتوویی ئەوەندە مەبەست نیە کە ناسراوی و خزمایەتی و شتی‌تر گرینگە.

**زیبا سەروەری:**

بەڵێ ئەو گرفتە لە ئورووپاش هەیە. ئەو پیاوانەی کۆمەڵگەی کوردستانیان بەجێ هێشتووە و لە کۆمەڵگەیەکی تازەدا دەژین، بەڵام، بیری پیاوسالارییان لە مێشك دا بە تەواوی پاك نەبۆتەوە. سیستمی حیزبایەتی لێرەش هەر بە شێوەی کوردستانە و کێشە و ناکۆکییەکانی نێو حیزب ببوو بە هۆی ئەوە کە زۆربەی ژنان پاسیف بن. دواکەوتوویی کولتووری و بیری پیاوسالاری وای کردوە کە کەسایەتیی ژن لە کاری سیاسی و رێکخراوەیی‌دا زەربە پەزیرتر بێ و بەو هۆیەوە ژنان بەتەواوی لە پەراوێز خراون و لە دەستووری کاری حیزبی‌دا رۆڵیان نیە. دیارە ئێستا لە هەر دووك لای حیزب ژنان خۆیان دەردەخەن، بەڵام مەترسیی ئەوە هەیە کە لایەك ئێستا دروشمی گۆرانکاریی هەڵگرتووە و لە درێژخایەندا هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵ نەهێنێتەوەو، لایەکی دیکەش لە داخان (نەوەك باوەر)، رێگا بدا بە ژن. من هەر دوو بۆچوون بە زەرەری ژن دەبینم. هیوادارم هەر دووك لای حیزب بە باوەڕو کردەوە خەبات بۆ بەهێز بوونی رۆڵی ژن لە دەسەڵات دا بکەن.

● **لەو پێوەندییەدا ژنان بۆخۆیان چ رەخنەیەکیان لە سەرە؟**

**کویستان بابایی:**

یەك رەخنەی بەرچاو لە سەر ژنان، دوورەپەرێزیی ئەوانە لە سیاسەت و کاروباری حیزبایەتی دا. دیارە ئەمەیان شتێکی باوە لە نێو زۆربەی ژنان دا. لێرە ژنانی سۆئێدیش بە تایبەتیی گەنجەکان زۆر لە مەسەلە سیاسی یەکان دوورن. بۆخۆم لە بەشی زانستی سیاسی لەزانکۆی لینشۆپینگ دەخوێنم. لە ٣٥ کەس لە کلاسی ئێمەدا تەنها ٦ کچین، ئەوانەی دیکە هەموویان کوڕن. لە قۆناغی دواناوەندی دا لە بەشی پەرستاری‌دا بووم، لە ٥٢ کەسی کلاسەکەمان تەنها دوو کوڕمان لەگەڵ بوون. ئەمن نایشارمەوە دوورەپەرێزیی ژنانی حیزبی بە خەتای پیاوەکان دەزانم، دەبێ ژنان هان بدرێن و دەرگاکانی هاتنە نێو سیاسەت و بەڕێوەبردنی حیزبیان بەڕوودا بکرێتەوە.

یەکێکی دیکە لە خەتایەکانی ژنان خۆ بەخاوەن نەکردنی کێشەکانیانە. ئەمن لەو بڕوایەدام ئەگەر ژنان خۆیان لە بێ مافی‌یەکانیان بکەنە ساحێب و پێکەوە هاوکاری بکەن، دەتوانن حیزب، یان پیاوانی حیزبی ناچار بکەن جێیان بکەنەوە و گوێیان لێ بگرن، دەتوانن لە بەڕێوەبردن دا ببنە شەریك.

دیارە، لەگەڵ ئەوەشدا بەتایبەتی لە حیزبی ئێمەدا ژنان هەمیشە ویستوویانە لە کارەکان‌دا بەشدار بن. بەڵام پیاوان لەسەر تواناکانی ئەوان بڕیاریان داوەکە دەتوانن یان ناتوانن! بەبڕوای من دەبێ لێگەڕێن ژنان بێنە نێو مەیدانەکەوە و تواناکانی خۆیان نیشان بدەن.

**شوعلە قادری:**

من ناتوانم هەموو خەتاکان بخەمە سەر تاکی پیاو بۆ لاوازیی رۆڵی ژن لە دەسەڵات دا. ئەگەر ئێمە هۆی ئەو لاوازی‌یە دابەش کەین دەتوانین بیکەین بە سێ بەش. یەکەمیان دواکەوتوویی کۆمەڵ، دووهەمیان وشك هەڵسوکەوت کردنی حیزبە سیاسییە کوردییەکان، سێهەمیان کەمکاریی ژنان خۆیان.



کوێستان بابایی

من پێم وایە ژنەکان دەبێ خۆڕاگرتر بن و بە چووکترین تەعنەی پیاوەکان نەکشێنەوە کە بەداخەوە نموونەی زۆر بووە.

ژنەکان دەبێ زۆرتر زانیاریی خۆیان لە باری سیاسییەوە بەرنە سەر کە بەداخەوە ئەوەش زۆر کەم بووە لە نێو ژنان دا.

**گوڵاڵە شەڕەفکەندی:**

رەخنەی ئەسڵی لە ژنەکان ئەوەیە کە ناوێرن خۆ لە کاری سیاسی بدەن، پێیان وایە لێی نازانن. بەشێکیش بۆیە تێکەڵ بە کاری سیاسی نابن چونکە ناخوازن خۆیان ماندوو بکەن، پێیان وایە کاری واجبتریان هەیە و حیزبایەتی ئەرجەحییەتی نیە.

بەشێکیش دەزانن ناتوانن ئەو حاڵەتە پیاوسالاریەی نێو حیزب بگۆڕن و هەوڵەکانیان بەرهەمێکی لێناکەوێتەوە، بۆیە خۆشیان ماندوو ناکەن.

هێندێك لە ژنەکان دەترسن و ترسەکەشیان تەنیا لە پیاوەکان نیە، بەڵکوو ناوێرن پشت بە ژنەکانیش ببەستن. بەشێك ناخوازن رێگای گەڕانەوەو هاتوچۆ بۆ وڵات (ناوخۆی ئێران) لە خۆیان ببەستن.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم ئەگەر گۆڕەپانەکە گۆڕا، لەوانەیە ژنیش بگۆڕێ. گۆڕینی ئەو مەیدانەش دەبێ ژن بۆخۆی حەولی بۆ بدا، کەس ناتوانێ بۆمان بگۆڕێ یا نازانێ چۆنی بگۆڕێ، پێویستە خۆمان قۆڵی لێ‌هەڵماڵین.

**کوێستان گادانی:**

بەداخەوە دەبێ بڵێم کە ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواری‌دا هەستی باوەڕ بە خۆبوونیان زۆر کەمە، زۆر زوو تەسلیم دەبن، کەمتر بەشدار دەبن لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکان داو هتد. دیارە هەر یەك لەوانەش هۆی تایبەتی خۆیان هەیە بەڵام بەداخەوە زۆر یەك لەوانە بوون بە داب و نەریت و جیاکردنەوەیان زۆر زەحمەتە و کار کردنێکی زۆری دەوێ بە تایبەت لەلایەن خودی ژنانەوە.

**زیبا سەروەری:**

ژنان دەبێ ویست و داخوازییەکانی خۆیان بەرنە سەر، چیدیکە بەوە رازی نەبن کە لە نێو حیزبدا کەم تەوجوهییان پی‌بکرێ. ژنان دەبێ مەرج و شەرتیان هەبێ و نەتەنیا لە نێوخۆی حیزب بەڵکوو ڕوو بە دەرەوەی حیزبیش دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕن. پێم وایە ئەگەر ئەو دەنگە روو بە دەرەوە بێت، حیزب مەجبوور دەبێ تێ‌بکۆشێ بۆ گۆڕانکاری و ژنان پشتیوانی لە یەکتر بکەن و ڕایەڵەیەکی بەهێزی جووڵانەوەی ژنان پێك بێت.

# لە قاموسی فیمینیزم دا

(٣٠)

ب. هانا

**بنەماڵە** Family

بریتی‌یە لە تاك یا گرووپێك لە تاکەکان لەگەڵ منداڵانیان دا. فیمینیزم تەنیا بزووتنەوەیەکی سیاسیی رادیکاڵە کە سەرنجی لە سەر گۆڕانی پێوەندییەکانی بنەماڵە چڕ کردۆتەوە. تایبەتمەندیی هەرە بەرچاو کە فیمینیزمی نوێی دەیەی ١٩٨٠ لە سەردەمانی پێشوو جیا دەکاتەوە، جۆری تێگەیشتنی لە بنەماڵە وەك یەکێك لەو شوێنە سەرەکییانەیە کە ژنانی تێدا سەرکوت دەکرێن. کیت میلێت بنەماڵە وەك یەکەیەکی پیاوسالار لە نێو گشتێکی پیاوسالاری - نێوان تاك و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی - دا دەناسێنێ (Millett , ١٩٧٠).

فیمینیستەکان بەم هۆیەوە سەرنج دەدەنە بنەماڵە کە بە سەرچاوەی قازانجی براوەی سەرەکیی کاری ژنان و ناوەندی ئەم کارەو هەروەها بە سەرچاوەی بنەرەتیترین ناسنامەی ژنان واتە شوناسی دایکایەتیی دەزانن. یەکێك لە بەنرخترین دەسکەوتەکانی بیردۆزی فیمینیستی هەوڵدانە بۆ پێکهاتە شکێنیی بنەماڵە وەك یەکەیەکی سروشتی و، بنیاتنانەوەی وەك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی - وەکوو ئایدیۆلۆژی و رایەڵکەیەکی پێوەندی نێوان بابەخەکان و پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی و کولتووری‌یەکان (thorne &Yalom و١٩٨٢). بۆ نموونە، بیردۆزەی فیمینیستی گەیشتۆتە تێگەیشتنێکی چەند لایەنە لە بارەی توندوتیژی لە بنەماڵەدا.

لە بۆچوونی سەرەکیی فیمینیزمی سۆسیالیستی و مارکسیستی دا، بنەماڵە وەك مەکۆی خەباتی جنسییەتی و ((بەرهەمهێنەرەوە))ی کەسەکان - لە شێوەی ئابوورییەکی سیاسیی مینیاتۆری و کار دابەشکردنەکەی دا - سەیر دەکرێ (Ferguson و١٩٨٣).



رێکخراوی بنەماله یەکێك لە بنەما گرنگەکانی رێکخەری پێوەندی‌یەکانی بەرهەمهێنان لە فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی‌دا بە گشتی و هەروەها بەستێنی ئایدیۆلۆژیی بناغەی جیاوازییە جنسییەتی‌یەکان و سەرکوتی ژنانە. لە فێمینیزمی مارکسیسی‌دا بنەماڵە هەر لە جێدا سەرمەشقێکی ئابووری پێوە، یەکەیەکی پیناسەکراو لە سەر بناغەی رۆڵی لە دابینکردنی کرێکاری نێوماڵ و سووڕی بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار کە بنەماڵە لەم رێگایەوە لەگەڵ پێویستی‌یە سەرەتایی‌یەکانی سەرمایەداری پێوەندی پەیدا دەکا (P.١٣٨و ١٩٨٢, Humphrie).

جین ئێلشتاین لەم باوەڕە دایە کە قووڵایی و ئاڵۆزیی پێوەندی‌یە بنەماڵەیی‌یەکان بۆ ئەم گوتارە داماڵراو (انتزاعی)و دواکەوتووانەیە، زیاد لە رادەیە (Elshtain ,١٩٨٢). بیردۆزەی فیمینیستی پێویستیی ئاڵۆزی لە پێوەندی لەگەڵ ژنانی جیهان سێیەم دا قبوول دەکا. بنەماڵە پێویستی بە پێناسەگەلی نوێ هەیە، چونکە ئەم پێناسانەی ئێستا هەن لەو گریمانانەوە سەرچاوە دەگرن کە لە باری رۆڵی باڵادەستی پیاوانەوە هەن، بۆ نموونە مەودای قەڵەمرەوە گشتی و تایبەتی‌یەکان بەشێکە لە نەخشەی سیستمی کۆمەڵایەتیی دروستکراو بە هۆی پیاوان (١٩٧٦و etal Michkewait).

جگە لەمەش، فیمینیزمی رەش رخنەی لە فیمینیزمی سپی گرتوە چونکە باوەری بەوە هەیە کە بنەماڵە تایبەتمەندیی جیهانداگری هەیە. بۆ نموونە، بنەماڵە لە جیهانی سێهەم دا لە باری مێژوویی و کردەوەوە ئەرکێکی جیاوازی هەیە: لە جیهانێکی چەوسێنەر دا، بنەماڵە لەوانەیە بۆ ژنان بەهەشتی ئازادیی ئیرادە بێ (١٩٧٨, Sanches & cruz). فیمینیستەکان زۆر بەدیلیان بۆ یەکەی ناوکیی پیاوسالار پێشنیار کردوە. بەڵام لە هەموان زیاتر "جڤاتە بنەماڵەیی‌یەکان" ە، کە یەکێکە لەو رێگایانەی فیمینیزم بە گرتنە بەریان، ئەم روانگەیەی جێبەجێ کردوە کە هەر شتێکی شەخسی، سیاسی‌یە. بۆ نموونە مێعمار ( بیناساز)ی فیمینیست دۆلۆرێس هایدێن Home، گرووپە هەرەوەرزی‌یەکانی [خاوەنی] خانووی بە کۆمەڵی بۆ ژنان پێشنیار کردوە (Hayden ,١٩٨٠).

*سەرچاوە: کتێبی "فرهنگ نظریه‌های فمینیستی" نووسینی مەگی هام، سارا گەمبل*

*وەرگێران بۆ فارسی: فیروزه مهاجر، نوشین احمدی خراسانی، فرخ قرەداغی*

*لاپەرەکانی ١٥٢و١٥٣*

# لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆ ببنەوە

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran

No: 460   20 April  2007

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com   Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268


بەر لەماڵاوایی

# چەند خۆزگەیەك لە ١٠٩ یەمین ساڵی ڕۆژنـامەنووسیی کوردیدا

**مستەفا مەعرووفی**

ئەو نەتەوانەی لە جیهاندا بەسەر چارەنووسی خۆیاندا حاکمن‌و بە ئازادی‌و بەختەوەری گەیشتوون، ڕەنگە بە دەگمەن تێیاندا هەبێ بە قەد کورد بۆ ماوەیەکی دووردرێژ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان خەباتیان کردبێ‌و، زووتر پێی گەیشتوون. کورد لە باری ڕۆژنامەنووسییشەوە هەر بەم جۆرەیە. ڕۆژنامە نووسیی کوردی لە ئاوارەیی، دوورە وڵاتی لە ٢٢ی ئاوریلی ١٨٩٨ لە قاهیرە دەستی پێ کرد. بە نهێنی، لە بن ئەشکەوت‌و لە ژێر تۆپ‌و بۆمبای دوژمنانی دا درێژەی بە کاری خۆی داوە. هەرکاتیش خاوەنی دەسەڵاتی خۆی بووە قەڵەمبازی گەورەی هاویشتوون، وەك ئەوەی لە سەردەمی کۆماری کوردستان (٤٦ ـ ١٩٤٥)، باشووری کوردستان دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ دیتوومانە. بەڵام هێشتا ڕێگەیەکی دوورو درێژی لەپێشەو چەند لایەنی گرنگی ڕۆژنامەنووسی هەن کە لە ڕۆژنامە نووسیی کوردیدا دەبێ خۆزگەیان بۆ بخوازین.

خۆزگە کورد خاوەنی زمانێکی ستاندارد دەبوو تا ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەو ئاڵۆزی‌و جۆراوجۆریی لەهجەو بن‌لەهجە ڕزگاری دەبوو. زمان سەرەکی‌ترین ئامرازی ڕۆژنامەنووسی‌یە. زمانی هەر نەتەوەیەك لە لەهجەی جۆراوجۆر پێك هاتوە. بەڵام هەر نەتەوەیەك زمانێکی ستانداردی هەیە کە لە ڕاستی‌دا زمانی هاوبەش‌و تێکەڵاوی هەموو لەهجەکانە کە پێی دەنووسن‌و پێی دەخوێنن. هەرچەند ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنە، بەڵام ئەگەر ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەر لە ئێستاوە هەنگاوی جیددیی بۆ هەڵنەگرێ ناتوانێ بە ئامانج بگا.

خۆزگە ڕۆژنامەنووسیی کوردی خاوەنی یەك خەت‌و ڕێنووس دەبوو. ئەم دوو خەتی‌یە (لاتینی‌و عەرەبی) کەلەبەرێکی گەورەی خستۆتە نێو ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌یەوە. تەنانەت لە نێو هەرکام لەو دوو شێوە نووسینەش دا ڕێککەوتنێك بۆ چۆنیەتیی نووسین (ئیملا) بە تەواوی نیە. چۆنیەتیی نووسینەکەش ستاندارد نیە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە تەنانەت لە یەك ڕۆژنامەدا جاری وایە یەك ڕێنووس ڕەچاو ناکرێ! خۆزگە فەرهەنگستانێکی خاوەن بڕیار هەبوایە یەك شێوە نووسینی چەسپاندبا.

ڕۆژنامەنووسیی کوردی بە تایبەتی لە باشووری کوردستان لە بوارێك دا زۆری گەشە کردوە، واتە لە باری ئاسۆیی(افقی)یەوە: بە دەیان‌و بگرە بە سەدان ڕۆژنامە، حەوتوونامە، مانگنامەو گۆڤاری وەرزانەبڵاو دەبنەوە. لە هەر شارو ناوچەیەك دا چەند یان چەندین بڵاوکراوە بە تیراژێکی بەرچاویشەوە دەردەچن. بەڵام لە باری ئەستوونی‌یەوە(عمودی)یەوە جۆراوجۆرییان کەمە. بوارەکانی ڕۆژنامەنووسی کەمن. زۆربەیان سیاسی، ئەدەبی‌و ڕۆشنبیرین. بواری پسپۆڕی تەقریبەن جێگای بەتاڵە. بواری زانستی بە هەموو لقەکانیەوە، بواری وەرزشی، هونەری، تەکنیکی‌و... لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌دا زۆر بەرتەسکە. خۆزگە کوردستان بەو ئاستە لە پێشکەوتن گەیشتبا کە وەڵامدەری خوێنەرانی لە هەموو بوارەکان‌دا بووایە.

خۆزگە ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەگەیشتە ئاستی حیرفەیی(پرۆفیشناڵ)، واتە ڕۆژنامەنووس تەنیا کاری ڕۆژنامەنووسی بووایەو پێی ژیاباو ڕۆژنامە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستابا. زۆربەی ڕۆژنامەنووسانی کورد کاریان بە تەنێ ڕۆژنامەنووسی نیە، واتە بە شوغڵی ڕۆژنامەنووسی ناژین، چونکە ڕۆژنامە بۆخۆی خۆی ناژێنێ. بەڵکوو لایەنێك، حیزبێك، ڕێکخراوێك خەرجی دەرچوون‌و بڵاوکردنەوەی دەکێشێ. تا ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووس لەسەر پێی خۆیان نەبن، ڕۆژنامەنووسی ناتوانێ بە مانای واقعیی خۆی کە "دەسەڵاتی چوارەم"ە هەبێ.

خۆزگە ڕۆژنامەنووسیی کوردییش بەو ئاستە لە دەسەڵات دەگەیشت کە دەسەڵاتی دەوڵەتی دەخستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە نەك لەژێر کاریگەریی دەوڵەت(دسەڵات) دابێ. ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەشی زۆری لەلایەن دەسەڵاتی کوردی‌یەوە (ئەغڵەب لە شکڵی حیزب‌و ڕێکخراودا) دەردەچێ‌و یارمەتی دەدرێ. کەوابوو تابیعی دەسەڵاتە. ئەو ڕۆژنامەنووووسی‌یە ناتوانێ بە چاکی ڕەخنە لە دەسەڵات بگرێ‌و بیروڕای گشتی پێك بێنێ. بەرپرسانی حیزبی‌و حکوومەتی تەقریبەن ترسیان لە ڕۆژنامەکان نیە. ڕۆژنامەکان هێشتا نەبوون بەو دەسەڵاتە بتوانن بەرپرسێکی حکوومەتی یان ئیداری بە هۆی هەڵە یان تەخشان پەخشان کردنی سامانی وڵات ناچار بە دەست لەکارکێشانەوە بکەن.

ڕۆژنامەی کوردی هەرزانفرۆش دەکرێ، ڕۆژنامەخوێن لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا کەمە. ڕەنگە بوونی ڕێژەیەك لە نەخوێندەواری یەکێك لە هۆیەکانی بێ. لەنێو ڕۆژنامەخوێنانیش‌دا ئەوانەی ڕۆژنامە دەکڕن کەمن، یان بە نرخی کەمتر لەوەی لە چاپ دەدرێ، دەیکڕێ، یان بە خۆڕایی! بەدەستی دەگا. ئەوەش هەنگاو بەرەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی شل دەکا. لەڕاستی دا ڕۆژنامە بەدوای خوێنەر دا دەگەڕێ، نەك خوێنەر بەدوای ڕۆژنامەدا.

ڕۆژنامەنووسی کورد لە زۆربەی ئەو مافانە بێبەشە کە لە دنیای ئازادو پێشکەوتوودا ڕۆژنامەنووس هەیەتی. بەتایبەتی لەو بەشانەی کوردستان‌دا کە کورد لە مافەکانی خۆی بێبەشە. ئەگەر ڕۆژنامەنووسی کورد ئازا بێ‌و بڕوکەیەك ئازادیی لە نووسین دا هەبێ، ـ بە قەولی ئێرانی‌یەکان ـ "ئازادیی دوای نووسینی نیە". خۆزگە لەو بەشە لە کوردستان‌دا کە ئازادە ئەو هەوڵەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ قانوونی کردنی مافەکانی ڕۆژنامەنووس‌و پاراستنیان دەستی پێ‌کردوە بگاتە ئاکام‌و حکوومەت لێبڕاوانە لە پشتی ڕابوەستێ.

ڕۆژنامە نووسیی کوردی جگە لە باشووری کوردستان، لە بەشەکانی دیکەی کوردستان یان قەدەغەیە یان بە توندی سانسۆڕ دەکرێ. تاکوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش کورد بەسەر چارەنووسی خۆی‌دا حاکم نەبێ، کوردستان بەگشتی ناتوانێ ببێتە خاوەنی ڕۆژنامە بە هەموو تایبەتمەندی‌یەکانیەوە. پێشکەوتنی بواری ڕۆژنامەنووسییش وەك هەر بوارێکی دیکە بەستراوەتەوە بە دامەزران‌و جێگیربوونی دێموکراسی. تا ئەوکاتەی نەتەوەی کورد بەگشتی نەبێتە خاوەنی مافە دێموکراتی‌یەکانی‌و بەسەر چارەنووسی خۆی‌دا زاڵ نەبێ، کورد هەمووی ناتوانێ ببێتە خاوەنی ڕۆژنامەنووسی‌یەکی بەتەواوی مانای وشە. بە ئاواتی ئەو ڕۆژە.

# چیاکانی کوردستان

## بێستوون Bestoon



بێستوون، دووهەمین دیواری بەرزی وڵات (ی‌ئێران) پاش چیای "علم کوه" (عەلەم کووه) لە ٣٣ کیلۆمیتریی باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری کرماشان هەڵکەوتوە. بەرزایی بێستوون ٣٣٠٠ میترە. چیای پەڕاوو دوندی "زەنهان" بە ٢٥٠٠ میتر بەرزایی‌یەوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی بێستوون هەڵکەوتوە.

بێستوون لە سەرچاوە مێژوویی‌یەکان دا وەك بوغستان (جێگای خودایان) ناوی براوە. داوێنەکانی پەناگەی مرۆڤە سەرەتایی‌یەکان (مرۆڤی سەردەمی ئەشکەوت) بووە. ئەشکەوتەکانی سەردەمی بەر لە مێژووی بێستوون، زۆرن. بۆ وێنە ئەشکەوتی مەرخۆڵ، ئەشکەوتی شکارچیان، ئەشکەوتی مەڕتاریك، ئەشکەوتی مەڕئافتاب، ئەشکەوتی مەڕ مردوودەرو...

پاشماوەکانی شاری چەمچەماڵ کە هی سەردەمی ئیلخانی‌یەو پاشماوەی کۆشك‌و بیناکانی سەردەمی ساسانی‌و یەکەمین بەردەنووسی سەردەمی هەخامەنشی‌و نیگار (وێنە)ەکانی سەردەمی ساسانی، لە داوێنی ئەم چیایەدا دەبینرێن. هێندێك، بێستوون بە دەروازەی زاگرۆس دەزانن. ئەم چیایە بێ داوێنە، واتە لەو داوێنە سەرەولێژانە کە بەرەبەرە چیاکە لە گەڵ زەوی لێك گرێ دەدەن، بێبەشە. ئاوەزا، یەکێکە لە کانی‌یەکانی ئەم چیایەو چەمی گاماسیاو کە سەرچاوەکەی دینەوەرە، بە بێستوون دا ڕادەبرێ‌و لە کوردستان پێی دەڵێن "سەیمەرە"و، لە خوزستان چۆمی کاروونی لێ‌پێك دێ.

بێستوون ئاوو هەوایەکی خۆشی هەیەو هەلومەرجەکەی بۆ ڕەنێوهێنانی باغ‌و بەرهەمی کشتوکاڵی لەبارە (دیارە مەبەست بنارەکانیەتی). داوێنی بێستوون بە داری وەك بەڕوو، بلچو بادامی کێوی ڕازاوەتەوە کە بەهاران بە گوڵ‌و ڕووەکی بۆنخۆش‌و جوان دەڕازێتەوە. بەوحاڵەش چیای بێستوون لە باری ڕووبەری گیایی‌یەوە دەوڵەمەند نیە.

چیاکانی دالاخانی (٣٣٥٠ میتر)، پەڕاو (٣٣٥٧ میتر)، دالاهۆو هۆلانە لە دەوروبەری چیای بێستوون هەڵ کەوتوون. ئاوایی‌یە بەناوبانگەکانی ئەم کێوە بریتین لە: بێستوون، میان ڕامان‌و دینەوەر، کانیاوو چەمی زۆر بە دەوروبەری بێستوون دا ڕادەبرن. چەمەکانی ١ـ لەهلەسوو، ٢ـ جامیشان، ٣ـ قەرەسووو گاماساو ٤ـ زەلکان ڕوود لە دالاهۆوە سەرچاوەدەگرن‌و گەورەترینیانن.

ئاوە مەعدەنی‌یەکانی بناری بێستوون ناوبانگێکی تایبەتییان هەیە. لە ڕووەکە بەناوبانگەکانی ئەم چیایە دەتوانین گوێنی، کەنگر، بەڕەزا، کەما، لۆ، مەرزەو هتد ناوببەین. لە گیانلەبەرانی ئەم چیایەش دەکرێ ئاماژە بە بەراز، کەو، حەوت ڕەنگ، هەڵۆ، ژووشك، مار، کەمتیار، کەروێشك‌و ڕێوی بکەین. بزن‌و مەڕ لەو ئاژەڵە ماڵیانەن کە لەم چیایە دەبینرێن.

ئەو دیمەنانەی لە بێستوونەوە دیارن بریتین لە شاری کرماشان، دەشتی ماهیدەشت، چۆمی جوانی گاماساو، شوێنەوارە مێژوویی‌و فەرهەنگی‌یەکان‌و...

بە هۆی مەودای نێوان دوندەکانی دەوروبەر، شیوو دۆڵی پڕ پیت‌و بەرەکەت لە دەوروبەری بێستوون هەن.

چوونە سەرو گەڕانەوە لە بێستوون ٧ کاتژمێر دەخایەنێت. باشترین ڕێگا بۆ سەرکەوتن لە بێستوون، هەر ئەو ڕێگایەی ڕۆژئاوای شاری بێستوون‌و داوێنی دیوارەکەیە.

سەرچاوە: کتێبی "جلوەهای طبیعی کوردستان، دفتر اول : کوهها"

ئامادەکردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی

# ڕۆژنـامەی "جام جم" یش لە پتەی دەرچوو




ڕۆژنامەی "جام جم" سەر بە دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سێ ڕۆژ داوی ئەوەی سەرکۆماری ئەم ڕێژیمە ڕایگەیاند بە تێکنۆلۆژیی بەرهەمهێنانی سووتەمەنی ناوکی گەیشتوون، لەگەڵ وتارێکی زانستی‌دا وێنەیەکی مۆنتاژ کراوی ئەنیشتاینی بڵاو کردووە کە لەم وێنەیەدا گاڵتە بە هەوڵەکانی مەحمودی ئەحمەدی نژاد لە بارەی بەرنامە ناوکی‌یەکانی ئەو ڕێژیمە کراوە.

لە وێنەکەدا ئالبێرت ئەنیشتاین خەریکە شتێك لەسەر تەختە ڕەش دەنووسێ. بە ڕواڵەت ئەو شتەی کە ئەنیشتاین نووسیویێتی، بە زمانی ئینگلیسی‌یە، بەڵام کە لێی ورد دەبی‌یەوە بۆت دەردەکەوێ تەنیا پیتەکان ئینگلیسین‌و دەقەکە بە زمانی فارسی‌یەو نووسراوە: " عجب غلطی کردم این اتمو اینا رو راه انداختم!! بابا محمود جون بی‌خیال شو جون من !" (هەڵەیەکی گەورەم کرد کە ئەم ئەتۆم‌و شتەم وەڕێ خست !! ڕۆڵە مەحموود گیان وازی لێ بێنە سەری من). وا دیارە بەرپرسی لاپەرە ١٥ی ڕۆژنامەی " جام جم" زۆر لە نووسینەکە ورد نەبۆتەوە پێی‌وابووە، نووسینەکە ڕێك قسەی ئەنیشتاینەو بە ئینگلیسی نووسراوە.

ئێستا دەبێ دەستەو دوعا ڕاوەستین‌و بپاڕێینەوە کە ئەم کەمتەرخەمی‌یە یا ئەم هەڵە بەرێکەوتە!! سەری بەرپرسی لاپەڕەکە نەخوا.

# ئەو کاتەی ئەحمەدی نەژاد مەعرەفەتی خۆی دەنوێنێ!



شوێنەوارە مێژوویی‌یەکانی هەر وڵاتێك ئەگەرچی لە پلەی یەکەم دا هی ئەو وڵات‌و نەتەوەیەن کە شوێنەوارەکان لە نێو ئەوەێ‌دا هەڵکەوتوون. هەر بۆیە هەق ئەوەیە پێش هەر نەتەوەیەکی دیکە خەڵکی خودی ئەو وڵاتە، پارێزگارییان لێ بکەن. بەڵام بە تەعبیریکی دیکە ئەم شوێنەوارانە موڵکی هەموو مرۆڤایەتین. چونکە هەر لەو کاتەدا کە سەربردەو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی نەتەوەیەك لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوودا دەگێڕنەوە، سووچ‌و قوژبنەکانی ئەو مێژووەش ڕوون دەکەنەوە کە پێوەندی بە مرۆڤ و ژینگەکەی لە تەواوەتیی خۆی‌دا هەیە.

بەڵام لە ئێرانێك کە چارەنووسەکەی بەدەست ڕێژیمی دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی‌یەوەو سەرکۆمارەکەی، کەسێکی کۆنەپەرەست‌و کەللە ویشکی وەك ئەحمەدی نەژادە، ڕاست لە ڕۆژی جیهانیی شوێنەوارە مێژوویی‌یەکان، (١٨ی ئاوریل، ٢٩ی خاکەلێوە)دا، هەنگاوی ناتەبا لەگەڵ گرنگترین شوێنەواری مێژوویی ئێران دەنرێ.

پرۆژەی دروستکردنی ئاوبەندی سیوەند نزیکەی ٣ ساڵە کەوتۆتە بەر ڕەخنەی لایەنگرانی میراتی کولتووری‌و سروشتی. چونکە بە گوێرەی بۆچوون‌و لێکدانەوەی شارەزایانی ئەم بوارە، شوێنەوارە مێژوویی‌یەکانی پاسارگاد وەبن ئاوی ئەم ئاوبەندە دەکەون. بەڵام بە ئەمری ئەحمەدی نەژاد سەرکۆماری ڕێژیم، هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی شوێنەوارە مێژوویی‌یەکان، ئاو گرتنەوە بە مەبەستی پڕکردنی ئەم ئاوبەندە دەستی پێ‌کرد. وادیارە ئەم سەرکۆمارە دەیهەوێ بەهەر نرخێك بووە بیسەلمێنێ کە نەك هەر کۆنەپەرەست نیە، بەڵکوو ئەوەندە نوێخوازە کە ئامادەیە شوێنەوارە مێژوویی‌یەکانیش کە کۆنن، لە نێو ببا!

## مرواریی دەریای وشە

دنیا کتێبێکی جوانە بەڵام بۆ ئەوانەی ناتوانن بیخوێننەوە، کەڵکی نیە. (کارلو گولدونی)

چ شتێك هەبێ، باشترت دەناسێنێ لەو شتەی دەیڵێی. (ئێمێرسۆن)

هیوا لە ژیانی مرۆڤ دا، بەقەرا باڵ بۆ باڵندان گرنگیی هەیە. (ویکتۆر هۆگۆ)

شانازی لە سۆزو بەزیی وشك کردنی دڵۆپێك فرمێسك دایە نەك لە وەرێخستنی لافاوی خوێن دا. (لورد بایرۆن)

توانا کاران دەکاو بێ‌توانا ئامۆژگاری دەدا! (بێرنارد شاو)

# لیستەی سەرووەری

ژمارەیەکی زۆر لە دڵسۆزانی کوردو دۆستان‌و ئۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەڵامی داخوازی حیزبیان بۆ دانی یارمەتیی سەخاوەتمەندانە داوەتەوەو جوامێری‌و دڵاوایی خۆیان نیشان داوە. ئەو بەڕێزانە هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و هەم لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە حیزبی دیموکراتیان بەسەرکردۆتەوە. لە هەر ژمارەیەکی "کوردستان" ناوی بەشێك لەو بەڕێزانە بڵاودەکەینەوە. لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەی دوو شت پێویستە:

١ـ لەبەر هێندێ تێبینی ناوی ئەو دۆستانە نانووسین‌و تەنیا بە چەند پیتی ناوەکانیان ئاماژەیان پێ‌دەکەین.

٢ـ ئەوانەی پووڵی غەیری تمەنیان داوە دراوەکەیان هەرچی بووە بە دۆلار بەراورد کراوەو بۆ ئاسان کردنەوە، دۆلاریش بە نۆسەد تمەن قەبڵێندراوە.

١ـ م.ك.ح  دووسەدو حەفتا هەزار (٢٧٠/٠٠٠) تمەن
٢ـ م.ب  نۆسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠) تمەن
٣ـ خ.م و د.ع  چوارسەدو پەنجا هەزار (٤٥٠/٠٠٠) تمەن
٤ـ کاك.ج  سەد هەزار (١٠٠/٠٠٠) تمەن
٥ـ ج.ح  نۆسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠) تمەن
٦ـ ف٢٥  دوو میلیۆن‌و حەوسەد هەزار (٢/٧٠٠/٠٠٠) تمەن
٧ـ گ.ر  یەك میلیۆن‌و هەشسەد هەزار (١/٨٠٠/٠٠٠) تمەن
٨ـ د.غ.ر یەك  میلیۆن‌و سێسەدو پەنجا هەزار (١/٣٥٠/٠٠٠) تمەن
٩ـ ش.ج.غ  هەشتسەدو دەهەزار (٨١٠/٠٠٠) تمەن
١٠ـ ش.ج  حەوسەدو بیست هەزار (٧٢٠/٠٠٠) تمەن
١١ـ ر.ف  نۆسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠) تمەن
١٢ـ خ.ر  یەك میلیۆن‌و سێ سەدو پەنجا هەزار (١/٣٥٠/٠٠٠) تمەن
١٣ـ ن.ج  یەك میلیۆن‌و هەشتسەد هەزار (١/٨٠٠/٠٠٠) تمەن
١٤ـ ف.ع.ف  شەش سەدو سی هەزار (٦٣٠/٠٠٠) تمەن
١٥ـ ك.ر.ع  چوارسەدو پەنجا هەزار (٤٥٠/٠٠٠) تمەن